سەعد ئەسکەندەر

# کوردستانی عێراق

## ڕەگو ڕیشەی مێژوویی پرۆژەی فیدرالیەت

پێشەکیو وەرگێڕانی: بەرزانی مەلا تەها

**لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری لڤین**

ناوی کتێب:کوردستانی عێراق رەگـو ڕیشەی مێژوویی پرۆژەی فیدرالیەت.

بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی.

وەرگێڕ:بەرزانی مەلا تەها.

تایپ: بەرزانی مەلا تەها.

نەخشەسازی بەرگـو ناوەوەی: شێرکۆ خانزادی.

وێنەی بەرگـ: هونەرمەند نادیه محەمەد.

ژمارەی سپاردن: (١١١١)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

چاپ: یەکەم . 2009

چاپخانە: شڤان

تیراژ: 500 دانە.

**له بڵاوکراوەکانی گۆڤاری لڤین**

**پێشکەشە بە:**

- **هەموو کوردێکی نیشتیمانپەروەو دڵسۆز لە هەر شوێنێك بێ کە تامەزرۆو تاسووقی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە.**
- **شەهیدانی گومناوی کوردستانو ئەو کوردپەروەرە نیازپاكو بە وێژدانو خاوەن بیروباوەڕانەی کەلە سەنگەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلدان.**
- **گیانی نووسەرو مێژوونووسو سیاسەتوانی مەژگ گەورەی کورد خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەفیق حیلمی.**
- **بەهەشتی باپیرم زاناو نووسەرو و مەلاباش مامۆستا مەلا موحەممەدی هەرگێنەیی (خاکی).**
- **هاوسەرو خۆشەویستم (مەهاباد).**



**هەوەڵ مەلیکی باشووری کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی (1884/١٩٥٦)**

**نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری گومـــڕەهی**

**نایکەمە سەرخۆم بەدەستی موددەعی تاجی شەهی**

**قەت بە ئەمری دوژمنـــــانم نامەوێ فەرمـــانڕەهی**

**نامەوێ تەختی کەیو بەختی جەمو شاهەنشـەهی**

**" شێخ مەحمودی بەرزنجی"**

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەم کتێبە (کوردستانی عێراق... ڕەگو ڕیشەی مێژوویی پرۆژەی فیدرالیەت) لە لایەن لێکۆڵەرو ئارشیفیست سەعد ئەسکەندەرەوە نووسراوەو، (فاضل جتکر) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ٢٠٠٧ بە چاپ گەیەنراوە، یەکێکە لە بەرهەمە مێژووییە فرە نازدارو بە بایەخەکانی (پەیمانگای لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان)، ئەلحەق کتێبێکی مێژوویی زۆر گرنگەو بەوردی دەربارەی ڕەگو ڕیشەی پرۆژەی فیدرالیەت دواوەو لایەنێکی زێدە گرنگی مێژوویی خستۆتە ڕوو، توانیویەتی بە شێوەیەکی زۆر ئەکادیمیانە باس لە ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو وەختە بکات، نووسەر لەم کتێبە پڕبایەخەیدا پشتی بەستووە بە دەیان سەرچاوەو بەڵگەی ڕاستو دروست کە دوورو نێزیك پێوەندییان هەبووە بەو قۆناغە مێژووییەوە، دیارە زۆر ئاگاداری مێژووی کوردەو دەیهەوێ زانیاری پتر لەم ڕووەوە پێشکەش بکات، ئەوەندە دەزانم کتێبەکەی زۆر نازدارەو باسی لە چەمکێکی فرە گرنگ کردووە ئەویش فیدرالیەتە، کاتێك بۆ هەوەڵجار ئەم کتێبەم بینی یەکسەری پێمخۆش بوو زۆر بەباشی بیخوێنمەوەو لێی حاڵی ببم، پاش دوو سێ جاران خوێندنەوە بە باشم زانی ئەم کتێبە بە کوردی بکەم، دیارە کتێبەکە خۆی بە ئینگلیزی نووسراوە، دواتر گۆڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، وەرگێڕی بەڕێز (فاضل جتکر) پشتی بەستووە بە وەرگێڕانی وشە بە وشەو وەرگێڕانەکەشی لە زۆر شوێناندا وشكو برینگو بێزارکەرە، بۆ ئەم مەبەستە باش خوێندوومەتەوەو دواتر چۆنم بە باش زانیبێ وا کورداندوومەو خیانەتم لە دەقەکە نەکردووەو لە ڕاستەڕێی نووسینەکە لام نەداوە، ڕەنگە کارێکی خراپیشم نەکردبێ، بەو هیوایەی ببێتە نووسراوەیەکی

سوودمەند بۆ هەموو لایەك، لە دڵەوە دەمهەوێ بێژم لە کەمو کورتیی و نوقوستانییەکانی بمبورنو بمبەخشن، هەتا توانیبێتم بەجوانترین شێوە ڕستەکانم بە کوردی کردووەو تواناشم هەر ئەوەندە بەسەریدا شکاوە، خودا پشتو پەنامان بێت بۆ هەرکارێك کە لە خزمەتی کتێبخانەی کوردیدا بێت.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا مێژووی فیدرالیەت وەك پرۆژەو چارەسەرێکی سیاسی دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢١، واتە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق، دیارە چەمکی فیدرالیەت فرە ناسراوو بلاوەو زۆریش لەسەر زارانە تا ئەم ساتە وەختەش بە باشترین جۆری چارەسەری کێشەو بێنەو بەرەکانی عێراق دادەنرێت، بێ گومان چارەسەرێکی زۆر مەعقولەو چەسپاندنیشی مایەی ئاشتیی و پێکەوە ژیانە لە عێراقی ئەوڕۆکەدا، بە بێ دەست دانە چەكو خوێن ڕشتن.

سەرەتاکانی فیکری نەتەوەیی کورد دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەو دەکرێ ڕۆژنامەی کوردستان بە هەوەڵ فاکتەری گرنگ دابێین بۆ تەکاندان بە بیری نەتەوەیی کورد، لەو وەختەدا ڕۆژنامەی کوردستان هیواخوازی ئەوە بووە هێزە کوردییەکان بە پاڵپشتی ئەو بیرە نەتەوەییە پیرۆزە هەوڵ بدەن بۆ ڕزگارکردنی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەر لە سەرەتاوە ئامانجەکانی ڕوون بوو بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی ئەویش بە بلاوکردنەوەی چەمکەکانی ئازادی، مافی نەتەوەییی و سەربەخۆیی، سەربەخۆیی کوردستان وەك گەورەترین درۆشمی سیاسی بانگەشەی بۆ کراوەو گشت جوولانەوە نەتەوەییەکانیش گرنگییان داوە بەم لایەنە زیندووە، ئیدی سەربەخۆیی کوردستان هەمیشە خواستی خەڵکی کوردستان بووە، گەلەك سەرکردەو پێشەوای کوردستانی ڕۆڵی ڕاستەخۆو

**کاریگەریان بینیوە لەم بزووتنەیەداو هەریەکەیان بەپێی شۆڕش‌و ئامانجەکانی پتر گرێوتینیان بەم بزووتنەوە نەتەوەییە داوە، ئەوانیش:**

- **میر بەدرخان ١٨٢١ /١٨٤٧ .**
- **شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٧٣/ ١٨٨٣ .**
- **شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥ .**
- **ژەنەراڵ ئیحسان پاشا ١٩٢٧/١٩٣٠.**
- **شێخ مەحموودی بەرزنجی ١٩١٨/١٩٢٠/١٩٢٣.**
- **شێخ ئەحمەد بارزانی ١٩٤٣.**
- **مەلا مستەفا بارزانی ١٩٤٥/١٩٦١/١٩٧٥.**
- **قازی محەمەد ١٩٤٦/١٩٤٧.**

**دوای هاتنی ئەمریکاو ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە عێراقدا، کورد ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی گێڕا لە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێداو، بەشدارییەکی کاراو کاریگەری گێڕا لە پرۆسەی دیمۆکراسی عێراقدا، لەو وەختەوە ناسیۆنالیستانی عەرەب لە هەوڵی سەنترالیزەکردنی دەستەلاّتدان‌و بوونی هەرێمی کوردستانیش بەم شێوەیەی ئێستا بە هەنگاوێك دەزانن بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی، بەردەوامن بۆ لەباربردنی بڕگەکانی دەستوری عێراق‌و داوای گۆڕانکاری دەکەن لەو دەستوورەی عێراقییەکان دەنگیان بۆ داوە، ئەمەش بۆ خۆی مەرام‌و پیلانێکە بۆ لاوازکردن‌و لە پەل‌وپۆ خستنی دەستەلاّتەکانی هەرێم، لە گرنگترینیان ماددەی سەدو چلی تایبەت بە کەرکوك‌و نێوچە دابڕاوەکانە کە سەرچاوەی گشت کێشەکانە، گومانیش لەوەدا نییە هەر حکومەتێکی عەرەبی لە دەستەلاّتدا بێ کار دەکا لە پێناو سەرنەخستنی ئەو پرۆسەیە، سەرنەخستنی ئەو پرۆژەیەش بۆ خۆی قۆناغێکی نوێی سیاسی لە عێراقدا دێنێتە کایەوە کە**

ڕەنگە کورد لەم ڕووەوە زۆر زەرەرمەند بێ، ئیدی واپێویست دەکا کورد بەرنامەو پڕۆژەی تازەی بە دەستەوە بێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو پیلانانە، تاوەکو ئەو ڕەوشە خراپە بێننەوە ڕاستەڕێو کۆسپەکان چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، گەر ئەمەش نەبووە چارەسەرێك وا پێویست دەکا سەرکردایەتی سیاسی کوردستان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکا بە سەرپەرشتی وان ڕیفراندۆمێکی ئازادانە ئەنجام بدرێ تاوەکو چارەنووسی هەرێمی کوردستان بە لایەکدا بکەوێت، چونکە بەڕاستی باشترین فاکتەرە بۆ زامن کردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد لەم بەشەی کوردستان، لەو حاڵەتەدا باشترین چارەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە.

فیدرالیەت واتە بەشداری سیاسیو کۆمەڵایەتی لە دەستەڵاتداو دەروازەیەکی سیاسیو یاساییە بۆ کۆتایی هێنان بە سەنترالیزم لە عەقڵی سیاسی هەر دەوڵەتێکدا، ئیدی حاڵی بوون لە چەمکی فیدرالیەت یەکێکە لەگرنگترین باسو خواسەکانی نێوان سیاسەتوانانو ڕۆشنبیران لە عێراقدا، تێگەیشتنیش لەم جۆرە چەمکە سیاسیو یاساییە کارێکی گەلەك زەحمەتو ئاڵۆزکاوە، دوژمنانی کوردو هەموو ئەو کەسانەی چاویان بە قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستانی باشووردا هەڵنایە فیدرالیەت بە هۆکارێك دەزانن بۆ پارچە پارچە بوونی عێراق، لە سەدا سەد بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە فیدرالیەت ئەسڵەن پڕۆژەیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان نەوەك بۆ پارچە پارچە بوون، هەمیسان دوژمنانی ئەم ئەزموونە فیدرالیەت بە سەرچاوەی مەترسی دەزانن نەك بە تەنێ بۆ عێراق بەڵکو بۆ دەوڵەتانی دراوسێش، بە فاکتەرێکی دەزانن بۆ نانەوەی ئاژاوەو پشێوی لە ناوچەکەدا، واتە بە پیلانێکی هەڕەشە ئامێزی دەزانن بۆ یەکێتی خاکی عێراقو دەوڵەتانی دژە کوردی

**دراوسێ، بە بڕوای من بۆ ئەوەی بتوانین فیدرالیەت وەك پرۆژەیەكی سیاسی لە عێراقی ئەوڕۆكەدا بچەسپێنین پێویستی بە نەفەسی درێژو هەوڵو ماندوو بوونی زۆرە تاوەكو سەركردایەتی سیاسی كوردستان هەموو لایەك ئاگادار بكەنەوە لەوەی چەسپاندنو جێبەجێ كردنی فیدرالیەت هەوڵێكە بۆ زامن كردنی یەكێتی خاكی عێراقو دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، وەك پرسێكی گرنگو چارەنوس ساز پێویستە كاری جیددی بۆ بكرێو وەك مۆدێلێكی تازە لەناوچەكەدا پێشكەش بكرێت.**

**بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەو سەربەخۆخوازانەی گەلی كورد لە سەردەمی شێخ مەحموددا وەرچەرخانێكی گرنگی بەخۆوە دی، لەو قۆناغە مێژووییەدا ئەم بزووتنەوەیە بەسەركردایەتی شێخ مەحمودی بەرزنجی (١٨٨٤/١٩٥٦) چەندین پێشنیاریان ڕادەستی لایەنە پەیوەندی دارەكان كرد تا هیچ نەبێ باشووری كوردستان ئیدارەیەكی سەربەخۆی خۆی هەبێ، وەلێكان سیاسەتوانانی ئینگلیزو شۆڤێنییە عەرەبەكانو توركەكان لە هەڵوێستی دژەكوردانەو نا مەدەنییانەی خۆیان بەردەوام بوونو هیچ حساوێكی ئەوتۆیان بۆ خواستەكانی كورد نەكردووەو لە ژێر پێیان ناوە، ئیدی بوونەتە مایەی دەردی سەریو ئاخو ئۆف بۆ دانیشتوانانی ئەم بەشەی كوردستان، شاری سلێمانیش هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە لە هاوكێشە سیاسییەكانداو ماڵوێرانی زۆر بەرۆكی گرتووە، ئیدی بۆ هەوەڵجارو ڕۆژی ١٩١٨/١١/١٧ هەوەڵ دەوڵەتی كوردی بە سەرۆكایەتی مەلیكی كوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی ڕاگەیاندرا، بەرژەوەندی بەریتانییەكانیش وایدەخواست دانبنێن بەم كیانە سیاسییەدا، بە فیتی ئەملاولا شەڕ لە نێوان چەكدارانی حكومەتی كوردستانو سوپای بەریتانیادا هەڵگیرسا، ئەڵبەتە بەریتانیا دەوڵەتێكی زۆر بەهێز بوو،**

یەکسەری توانی بەسەر شێخدا زاڵبیٚو بە دیلیی بیگرێت، کورتو موختەسەر بەریتانیاو عێراق بڕوایان بە دەوڵەتێکی سەنترالیزمو یەکگرتوو هەبوو، نەوەك دەوڵەتێکی پارچە پارچە، بەریتانییەکان بڕوایان وابوو شێخ مەحمود بە تەنیٚ بە سلێمانییەوە ناوەستیٚو شارەکانی دیکەش دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لەو وەختەدا پیاوماقووڵانی کورد لە گشت نێوچەکانی کوردستانی باشوورەوە سەردانی شێخیان دەکردو پشتگیرییان لە فەرمانڕەوایەتییەکی دەکرد، ئەمەش هەر مەترسی نەبوو بۆ عێراق، بەڵکو مەترسییەکی گەورەی لای ئێرانو تورکیاش هێنایە کایەوە، بۆیە بە زوویی هەوڵیاندا لە نێوی بەرنو ئەزموونەکە لەبار ببەن، هەنووکە هاوکێشە سیاسییەکانی نێوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتیو عێراق بە تایبەتی ئەمەریکا بەڕێوەی دەبات، ئەو هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کورددا نییە تاوەکو دڵی عەرەبو تورك لە خۆی بتۆرێنیٚ، وانیش ناخوازن حکومەتێکی کوردی لە نێوچەکەدا بوونی هەبیٚ، بۆیە دەبینین لە پیلانی بەردەوامدان بۆ تاروماکردنی ئەم ئەزموونەو لە نێوبردنی، ئەوەتا تورکیاو ئێران بە بیانووی بوونی پژاكو پەکەکەوە ڕۆژانەو بە بەردەوامی سنوور دەبەزێننو، تۆپ بارانی سنوورەکانی کوردستان دەکەنو ترسو دڵەڕاوکێیان لای دانیشتووانانی ئەم هەرێمە دروست کردووە، سەرباری هەموو ئەمانەش حکومەتی عێراقو سەرۆك وەزیرانەکەی کە نوری مالیکییە هەوڵی جیددی دەدەن لە پێناو سەنترالیزەکردنی نێوەندو دووبارە هێنانە کایەی حکومەتێکی بەهێزو یەك جەمسەر، لە لایەکی دیکەشەوە بە هیچ جۆرێك باس لە عێراقی فیدرال ناکەنو فیدرالیەتیش بە کورد ڕەوا نابینن، بە ملیۆنان دۆلار سەرف دەکریٚ لە پێناو کڕینی چەكو تەقەمەنیو پڕ چەککردنی ئیسنادو جاش، هەموو ئەمانەش مەترسی گەورەن بە نیسبەت کوردەوە، لە سەر ئاستی نێوخۆی

**هەرێمی کوردستانیش ناڕەزایەتییەکی زۆر هەیە، ئەمەش بۆخۆی مەترسییەکی گەورەیە، نا دادپەروەرییەکی زۆر هەیە لە گشت ئاستەکانداو خەڵکانێ لە سەر حساوی خەڵكو ڕەشو ڕووت بوونەتە بزنسمانو مەڵتی دەوڵەمەندی زۆر گەورە، هەستی نەتەوەیی لاوازەو بەرەو پتر لاواز بوونیش دەڕوات، پیلانەکانی دەوڵەتانی دراوسێش با لەو لاوە بوەستێ، پێش هەموو شتێ پێویستە ماڵی کوردی یەك بخرێو بەرەو پێش ببرێ، داواکارییەکانی خەڵکیش بەهەند وەربگیرێو خەڵکانی نادڵسۆزو گەندەڵو هیچ لەبارانەبوو ڕیسوا بکرێنو بدرێنە دادگا.**

**ئەڵبەتە کورد ئەوەتەی هەیە سەربەکارەساتو ماڵوێرانی بووەو حەسانەوەی بە خۆوە نەدیوە، دایم ژێردەستەی ئەمو ئەو بووەو گزی زۆری لێکراوەو هەڵخەڵەتاوە، میللەتێك بووە هەرگیز مشۆرەتی پێنەکراوەو چارەنووسو ئایندەی بەدەست خۆی نەبووە، بێ گومان مێژووش بە میللەتێکی مەزڵومو غەدر لێکراو ناساندوویەتیو مێژوونووسانی حەقخوازو بە ئینسافیش ئەمەیان وەك خۆی پێشکەش کردووە، دایم بە فرتو فێڵی دەوڵەتانی زل هێزو ستەمکار تەفرە دراوەو ڕێگەی لێ گوم کراوەو هەرگیز ئازادی پێ ڕەوا نەبینراوە، تا نەیپەرژێ بیرێ لە ئایندەی بکاتەوە، ئەمەش گەورەترین زوڵمە کە لە مێژوودا دەرهەقی کراوە، وەلێکان دایم پشتی بە خۆی بە ستووەو لە گشت قۆناغە مێژوویەکانیشدا خەڵکانێك هەبوون بە مافی خۆیان زانیوە بەرگری لەم گەلە ستەمدیدەیە بکەن، مانای وایە میللەتێکی زیندووەو دایم چاوی لە ئازادیو سەربەخۆییە شانبەشانی گەلانی دیکەی جیهان، بەڵام پەرتەوازەییو نادڵسۆزیو هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتیو هۆکارگەلێکی زۆر بوونەتە هۆی پتر نەگبەتیو دەردی سەری بۆ ئەم میللەتەو زێدەتر بەرەو دواوەیان بردووە،**

**بەهەرحاڵ لە باشووری كوردستان جووڵانەوەو تێكۆشانی نەتەوەیی بە سەركردایەتی مەلیكی كوردستان شێخ مەحمود دەستی پێكرد، جووڵانەوەكەی لە مێژووی نەتەوەی كورددا زیندووەو دەپرینگێتەوە، سێ جاران بۆتە فەرمانڕەوای كوردستانی باشوور، یەكەم: لە ١٩١٨/١١/١٧ تا ١٩١٩/٦/١٨، دووەم: لە ١٩٢٢/١٠/٩ تا ١٩٢٣/٣/٤، سێیەم: لە تەموزی ١٩٢٣ تا ١٩٢٤/٧/٩، شێخ مەحمودو جووڵانەوە سەربەخۆخوازییەكەی مشتو مڕو بێنەوبەرەیەكی ئێكجار زۆر هەڵدەگرێ، سەرباری گشت ئەو بارە گرێ گرێو ئاڵۆزانەی لەو سەردەمەدا لە گۆڕێدا بوون توانیویەتی شرۆڤەیان بكاو بە پێی بارودۆخەكە مامەڵەیان لەگەڵدا بكات، مامۆستا ڕەسوڵ هاوار لە كتێبی (شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان)دا دەڵێ " ... لەگەڵ ئەو هەمو كەم تەجرەبەییو نەشارەزاییەی كە هەبو بەرامبەر سیاسەتو كەڵەكو دەسبڕینی سیاسەتمەدارانی وڵاتانی ئیمپریالیزمو سەرمایەداران، لەگەڵ ئەو هەمو دەردی سەریانەدا شێخ مەحمود درێغی نەكردووە لە ڕاوێژكردنو داوای هاوكاری كردن لە لەوانەی كە هاوكاری بوونو دەستی بۆ هەموو لایەك درێژ كردووە كە لای وابووە بەدەنگو هاواری میللەتەكەیەوە ئەچێت... هەر لە ئینگلیزەوە كە بە ڕواڵەت ئاڵای ڕزگاركردنی میللەتانی بەرز كردبووەوە هەتا توركەكان...)، ئەحمەد خواجە دەقی نامەیەكی شێخ مەحمود بڵاو دەكاتەوە كە  بۆ هەریەك لەحاكمی گشتی عێراقو فەرمانەدەی گشتی لە كەركوك ناردووە لە ساڵی ١٩١٨، لە نامەكەدا دەڵێ: " چەرخی گەردوون ئێوەی بەسەر كەوتوویی گەیاندە نیشتیمانی كورد، كە كوردستانە، لە عوسمانییەكان كورد هیچ بەهرەیەكی وەرنەگرت، ئەزانن كە بە هەزاران ساڵ ئەم خاكە نیشتیمانی كوردە، لە ئادەمیزاد پەروەریتان ئومێد دەكەین كە ئێوە حەقی كورد بدەنو، ئازادیو سەربەستی لە**

کوردستاندا بلاّو بکەنەوەو، ماوەی ئەوە نەدەن کە کورد بە چەك داوای حەقی خۆی بکاتو بیسێنێت"، سووریش دەیزانی ئەم هەولّو داواخوازییە دادی ناداو هیچی لیّ سەوز نابیّ، وەلیّکان لەهەولّو تەقەللاکانی بەردەوام بووە، ئەم کتێبە باس لە هەموو تێکۆشانەکانی شێخ مەحمود دەکا بە بەلّگەوە کە لەگەلّ واقیعەکەدا ڕۆیشتووەو چەندی لە تواناادا بووبیّ بە ئەنجامی داوە، شێخ مەحمودی بەرزنجی هەلّوێستەکانی زۆر ڕوونو ئاشکرا بوونو سەرپاکی خواستەکانیشی لە پێناو کوردو کوردستاندا بووە، بە هەر هۆیەك بووبیّ خواستوویەتی لەگەلّ ئینگلیزەکاندا ڕێك بکەویّو قەوارەیەکی سیاسی بۆ ئەم بەشەی کوردستان دابمەزرێنیّ، وەلیّکان ئینگلیزەکان دەستیو گالّتەیان بەم جۆرە خواستانە هاتووەو ئەجێندای تایبەتی خۆیان جێبەجیّ کردووە، ئیدی هەر جارەو بە بیانویەك کۆمەلّێك چارەسەری نا واقیعییان خستۆتە ڕوو کە هەرگیز لەگەلّ واقیعەکەدا نەهاتۆتەوە، لەو قۆناغە مێژووییەدا چەندین پرۆژە پێشکەش کران هەر جارەی لە لایەن چەند کۆمیسێرێکی بالاّو بەرپرسانی بەریتانیاوە بەلاّم ئەجێندای شەخسیو دژەکوردانەیان خستۆتە ڕوو، جگە لەخۆ بەدەستەوەدانو مل شۆڕکردن بۆ بڕیارەکانیان هیچ مانایەکی دیکەی نەبووە، دەتوانین پرۆژەکەی کۆکس بە هەولّ پرۆژەی فیدرالی دابنێین کە ئامانج لیّی ڕێکخستنی پێوەندییە سیاسیو ئیداریو داراییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو دەولّەتی عێراق بووە لە ڕێگەی ڕۆلّی ڕاستەوخۆی بەریتانیا، ئەم کتێبە بە باشی لە بارەی گشت پێشنیارەکانەوە دواوەو بۆت دەردەکەویّ نە بەریتانیاو نە عەرەب بەم جۆرە چارەسەرە ڕازی نەبوونو بە ئاگرو بە ئاسن بڕیارەکانیان فەرز کردووە، لەم ساتە وەختەی ئێستاشدا گرنگە سەرکردایەتی سیاسی کورد پتر پێداگری لە سەر ئەم چەمکە بکاو بە کەمترین مافی خۆی بزانیّ.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی سەدامەوە گۆڕانێكی سیاسی گشتگیر لە عێراق بە گشتیو كوردستان بە تایبەتی هاتەدی، چەندین مافی گرنگ لە دەستووری تازەی عێراقدا چەسپیوەو لە خزمەت كورددان، وەلێكان فاشستانی عەرەب بە سوننەو شیعەوە هەوڵدەدەن دەستوور لە بندا وشك بكەنو دەستوورێكی دیكە بنووسنەوە كە لە دژی بەرژەوەندییەكانی كورد بێت، ئیدی پێویستە سیاسەتوانانو ڕۆشنبیرانو كۆمەڵی كوردستان بەئاگا بنو چاویان لێ خافڵ نەكەن، چونكە وان ڕەفزی هەر ئیدارەیەكی كوردی دەكەنەوە لەم بەشەی كوردستانداو پێیان وایە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریو پشێوی نەك لە عێراقدا بەڵكو لە دەوڵەتانی دراوسێی وەك ئێران، توركیاو سوریاشدا، سەركردەكانی عەرەب بە سوننەو شیعەوە لە پیلانی بەردەوامدان بۆ لەتو پەت كردنو لە ڕەگو ڕیشە دەرهێنانی ئەم ئیدارە سەربەخۆیەی كە ئەوڕۆكە لە تروقیدایە، بەهەرحاڵ نامهەوێ سەرتان بێشێنم لە ڕاستیدا ئەم لێكۆڵینەوە مێژووییە گشت ئەو فرتو فێڵو گزیانەی لە خۆگرتووە كەلەو سەردەمەدا دەرهەق بەكورد كراوە، ئیتر هەر شادو سەرفرازبن.

بەرزانی مەلا تەها

٢٠٠٩/١/١٥، سلێمانی

## سەرچاوەكان:

(١) شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان: م.ر، هاوار، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.
(٢) نوربەخشی شیعرەکانی مەلیکی کوردستان شێخ مەحمودی بەرزنجی: عومەر مەعروف بەرزنجی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
(٣) پەیماننامەی ڕەشو ڕۆژێکی سوور: حوسێن محمەد عەزیز، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
(٤) چیم دی، ئەحمەد خواجە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٦٨.
(٥) باسێکی دکتۆر شێرزاد ئەحمەد نەجار بە نێونیشانی ( تطور الفكر القومي الكردي.. نظرة عامة).
(٦) الاكراد شعب المعاناة: صلاح عصام أبو شقرا، الطبعة الاولى، بيروت،١٩٩٩.
(٧) حول مفهوم النظام الفيدرالي: د. نوری طالباني، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠٠٥.

## پێشەکی:

**لەم ساڵانەی دواییدا فیدرالیەت وەك چەمكێكی سیاسی نویێو بلاو لە نێوەندە عێراقییەكاندا پتر خۆی ناساندو كەوتە سەر زاران، لە عانی ئۆپۆزیسیۆن بوونو دواتریشدا، بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد بە جیاوازی ئاڕاستە سیاسیو ئایدۆلۆجییەكانی پرۆژەی فیدرالیەتی پێشكەش كرد لە پێناو ڕێكخستنی پێوەندی لە نێوان هەرێمی كوردستانو حكومەتی ناوەندی لە بەغدا بەو شێوەیەی لەگەڵ داواخوازییەكانی نەتەوەی كورددا دێتەوە بێ ئەوەی بێتە مایەی زەرەر بۆ بەرژەوەندییەكانی نەتەوەی عەرەب، ئەمەش وا دەخوازێ لە سەر بنەمایەكی نوێ دووبارە دەوڵەتی عێراقیو دامەزراوەكانی بنیات بنرێنەوە، دیمۆكراسیو فرەیی، كراوە، پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هەرێمی كوردستان بە شێوەیەكی ئازادانە پرۆژەی فیدرالیەتی پێشكەش كرد وەك چارەسەرێك بۆ مەسەلەی كورد، ئیدی جیاوازییەكی زۆری ئەفراند لەنێو ئاڕاستە ئۆپۆزیسیۆنە دژ بەیەكەكانی عێراقدا لە هەمبەر پرۆژەی فیدرالیەت لە نێوان بەرهەڵستكارانو لایەنگرانو ئەوانەی خاوەن هەڵوێستی ڕوون نەبوونو سڵیان دەكردەوە لە بڕیاردان.**

**ئەوەی شایانی سەرنجدانە نەبوونی تێگەیشتن بوو لەنێو بەهەڵستكارانو ئەوانەی سڵیان دەكردەوە لە بڕیاردان بەوەی فیدرالیەت وەك پرۆژەیەكی سیاسی لە ڕووی مێژووییەوە پرۆژەیەكی كۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢١، پتر لەوەش، لایەنی عەرەبی، بە نمونەی مەلیك فەیسەڵو ئەفسەرانی هاشمیو ناسیۆنالیستەكانیش لە پەراوێزدا، بە بەراوەژووی لایەنی كوردی، فیدرالیەتی وەك پرۆژەیەكی سیاسی پێشكەش كرد لە پێناو ڕێكخستنی پێوەندییە سیاسیو ئابوورییەكانی هەرێمی كوردستانو دەوڵەتی عەرەبی عێراقی لە پێناو ڕازیكردنی دانیشتوانی كورد بە**

ڕەزامەندی دەربڕین بە لکاندنی ئەم هەرێمە بە دەوڵەتی عێراقییەوە، هەرێمی کوردستانیش لەو عانەدا لە لایەن فەرمانبەرانی بەریتانیاو بە هاوکاری پیاوماقوڵانی کورد بەڕێوە دەبرا.

لەم ڕووەوە شایانی باسکردنە بیرۆکەی فیدرالیەت لە ئەنجامی بیرکردنەوەی سیاسییانەی مەلیك فەیسەڵو ئەفسەرانی هاشمی دروستنەبوو بەڵکو وەرگرتنو درێژکراوەی پرۆپۆزەڵەکەی سێر پرسی کۆکس بوو، کۆمیسێری باڵای بەریتانی یەکەم لە بەغداو گرترۆد بێڵ ژنە سکرتێری ڕۆژهەڵاتی خانەی ماندات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی، لە ماوەی دوای بەستنی کۆنگرەی قاهیرە لە ١٢ی ئازاری ساڵی ١٩٢١، پێش بەستنی کۆنگرەکە، هەوەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدوڕڕەحمان نەقیب هەوڵیدا دانبنێ بە پرۆژەی لکاندنی ڕاستەوخۆی هەرێمی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراقیەوە لە کانونی یەکەمی ١٩٢٠ تاك لایەنەو بێ مۆچیاری کردن بە فەرمانبەرانی بەریتانی یاخود وەرگرتنی ڕای دانیشتووانانی هەرێمەکە ئەمەش ڕێك بە بەراوەژووی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی سیڤەر بوو لە ساڵی ١٩٢٠(١). بەریتانییەکان ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیو بانگەشەکانی جەعفەر ئەلعەسکەرییان پشتگوێ خست بەوەی هەرێمی کوردستانی باشوور دەکەوێتە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی عێراقی بڕیاردراو بە دروستکردنی لە هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە(٢).

(١) ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، ژمارە ٤، کانونی یەکەم/ دیسێمبەری ١٩٢٠، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ٦٣٤٨/٣٧١.

(٢) ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، ژمارە ٩، ئازار/ مارسی ١٩٢١، وەزارەتی دەروەی بەریتانیا، ٦٣٤٨/٣٧١.

بەم شێوەیە ڕەگو ڕیشەی هەوەڵین بیرۆکەی فیدرالیەت دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی قاهیرە لە کارەکانی دیاریکردنی ئایندەی هەر سێ ویلایەتەکە بوو ئەوەی پێی دەگوترا میسۆپۆتامیا، ئەوانیش بەسرەو بەغداو موسڵ بوون، وە هەڵبژاردنی شێوەی دەستەلاّتی سیاسیو سەرۆکەکەی، بە گوزارشتێکی دیکە، لەسەر بەریتانیا بوو لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی بە کۆتایی هێنان بە کەمکردنەوەی خەرجییەکانیو کەمکردنەوەی پێوەست بوونە سەربازییو سیاسییەکانی ئەویش بە دووبارە ڕێکخستنەوەی پێوەندییە سیاسیو ئابووریو سەربازییەکانی لەگەڵ عێراقی عەرەبیو کوردستانی باشوور کە هەردووکیان لە ژێر مانداتی میسۆپۆتامیادا بوون(٣).

لەو کۆنگرەیەدا بیروبۆچوونەکان جەمسەر بوونی بە خۆوە دی ئەویش بە دروستبوونی دوو لایەنی دژ بەیەك لە هەڵوێستەکانیان لە هەمبەر جۆری پێوەندییەکانی دەوڵەتی عەرەبی بڕیاردراو بە پێکهێنانی لە هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرەو هەرێمی کوردستانی باشوور، وە هەروەها پێوەندی ئایندەی بەریتانیاو پابەندبوونەکانی لە هەمبەر ئەو دەوڵەتو هەرێمە، لە لایەکی دیکەوە فراکسیۆنی کەمینە کە لە فەرمانبەرە مەیدانییەکاندا خۆی دەبینییەوە پرسی کۆکسو گرترۆد بێڵ داوایانکرد زۆر بە خێرایی هەرێمی کوردستانی باشوور بلکێنرێ بە دەوڵەتی عەرەبییەوە، بە بەڵگەی ئەوەی دانیشتووانەکەی دژی ئەم لکاندنە نینو پێوەندی بازرگانییان لەگەڵ بەغدادا هەیە، لە لایەکی دیکەشەوە لایەنی زۆرینە کە هیوبێرت یۆنگ (یاریدەدەری سکرتێری بەشی ڕۆهەلاّتی نێوەڕاست لە وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان) سەرۆکایەتی دەکرد داوای پێکهێنانی

(٣) ڕاپۆرتێك دەربارەی بەستنی کۆنگرەی ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاست لە قاهیرەو قودس، ١٢-٣٠ی ئازار/مارسی ١٩٢١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٤٣/٣٧١.

دەوڵەتێکی سەربەخۆی کرد لە کوردستانی باشوور تاوەکو ببێتە پشتێنەیەکی ستراتیژیو دەوڵەتی عەرەبی لە بەغدا بپارێزێ لە هەر هێرشێکی تورکە کەمالیستەکان، سەرباری ئێدوارد نۆئێلْ (پسپۆڕ لە کاروباری کوردی) و لۆرانسی عەرەب، ساند وینستۆن چەرچلْ ( وەزیری کۆلۆنیالییەکان) بیرۆکەی کوردستانی باشووری سەربەخۆی سیاسییان لە دەوڵەتی عەرەبی لە بەغدا پێشکەش کرد، وەلێکان ساند وینستۆن چەرچلْ ترسی خۆی دەربڕی لە هەمبەر لەبەرچاو نەگرتنی هەڵویستی کورد و چەوساندنەوەیان لەلایەن دەستەڵاتدارێکی هاشمی پاڵپشتیکراو بە سوپای عەرەبی، ئیدی ئەمەش کاری کەمالییەکان هاسان دەکا بۆ ڕامکردنیان لە حاڵەتی هێرشی تورکیادا، کۆنگرە بڕیاریدا کوردستانی باشوور نەلکێندرێ بە دەوڵەتی عەرەبییەوە، وە ئەم هەرێمە وەك پشتێنەیەکی ستراتیژی لە لایەن فەرمانبەرانی مەیدانییەوە بەڕێوە ببرێ بەسەرپەرشتی کۆمیسێری بالاْ هەتا ئەو حەلەی کوردەکان خۆیان دەتوانن ئایندەی سیاسییان دیاری بکەن، هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارەدا هەستان بە گۆڕینی بڕگەکانی مانداتی بەریتانی لە ولاْتی میسۆپۆتامیا لە بڕگەی شانزەیەمدا بەم شێوەیە هاتووە: (( هیچ شتێك لەم مانداتەدا ناتوانێت دەستی خاوەن ماندات (واتە بەریتانیا) بگرێ لە دروستکردنی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی لە نێوچەکوردنشینەکان لە بەشی باکوری میسۆپۆتامیادا بەو شێوەیەی کە دەخوازێ)) (٤).

---

(٤) ئارۆن س کلیمانز، بنەماکانی سیاسەتی بەریتانیا لە جیهانی عەرەبیدا، کۆنگرەی قاهیرە ١٩٢١، (بالتیمور، لەندەن١٩٧٠).

**لۆید جۆرج (سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا) پشتگیری لە بڕیارەکانی قاهیرە کرد بە تایبەت ئەو بڕیارانەی دەربارەی کوردستانی باشوور درابوون دوای ئەوەی کە چەرچڵ پێی ڕاگەیاندبوو (٥).**

**لە ماوەی نێوان کۆتایی کۆنگرەی قاهیرە لە بەهاری ١٩٢١و نەخشەسازی حکومەتی پارێزگارانی تازە لەسەر لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراقییەوە لە ساڵی ١٩٢٢، هەر لایەنە بۆ خۆی هەستا بە گەشەپێدانی پرۆژەکەی لەبارەی پێوەندی ئایندەیی نێوان کوردستانی باشوورو عێراق، لە لای خۆیەوە، کۆکس هەستا، بە لەبەرچاونەگرتنی بڕیارەکانی کۆنگرە، ئەویش بە پێشکەش کردنی پرۆژەیەکی ئیداریو سیاسی تێکەڵپێکی سێ ڕەهەندیی بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانی باشوور، لەسەر قەزا کوردییەکانی دەوروبەری موسڵ کە بەشێکی ئیداری تایبەت پێکبهێنن واتە لیوایەکی لاوەکی لەنێو ئەو نێوچە ئیداریانەدا، ئەم لیوا لاوەکییە یاریدەدەری موتەسەڕیفێکی بەریتانی بەڕێوەی دەباو وە قایمقامی بەریتانی ئەو ناوچەیەش بگۆڕدرێت بە کەسێکی کورد یاخود عەرەبێکی کوردیزان، لەهەمان کاتدا موقاتەعەی موسڵ لە ڕووی داراییو یاساییەوە بخرێتە سەر حکومەتی بەغدا وە کۆمیسێرەکانی بنێرێتە پەرلەمان، وە کۆمیسێری باڵاش مافی دیاریکردنی ئیدارییەکانی هەبێ بە ڕاوێژ لەگەڵ دەستەڵاتە نێوخۆییەکان، بە پێی پرۆژەکەی کۆکس هەولێرو ڕەواندوزو کۆیسنجەق دەگۆڕدرێن بە یەکەیەکی ئیداری کە فەرمانبەرانی بەریتانیان بەڕێوەی دەبەن، باقی فەرمانبەرانیش بە حەزی کورد دادەمەزرێن،**

---

**(٥) پەیامێك لە سەرۆك وەزیرانەوە بۆ چەرچڵ، ٢٢ی ئازار/مارسی ١٩٢١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا٦٣٤٢/٣٧١.**

باقی ناوچەکانی دیکەی وەك سلێمانیو دەوروبەری دەگۆردرێن بۆ یەکەیەکی ئیداری بە شەریکی لە نێوان کوردو بەریتانییەکان بەڕێوە دەبرێن، لەهەمان کاتدا دەبێ قایمقام کورد بێو، کۆمیسێری بالأش ماف دیاریکردنی موتەسەڕیفی هەیە (٦). دەتوانین پرۆژەکەی کۆکس بە هەوەڵ پرۆژەی فیدرالی دابنێین کە ئامانج لێی ڕێکخستنی پێوەندییە سیاسیو ئیداریو داراییەکان بوو لە نێوان هەرێمی کوردستانو دەوڵەتی عێراق لە ڕێگەی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی بەریتانیا.

چەرچڵو یۆنگ، جەختیان دەکردەوە لەسەر زەرورەتی مانەوەی هەرێمی کوردستانی باشوور سەربەخۆ لە دەوڵەتی عەرەبی، وەلێکان لە بەر ترسی دژایەتی کردنی یەکدی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستانو دەوڵەتی عەرەبی، وایان بە باشزانی پێوەندییەکی کۆنفیدراڵی هەبێ لە نێوانیاندا بە سەرپەرشتی بەریتانیا، لە ١٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١ چەرچڵ لە پەرلەمانی بەریتانیا وتی: ((بە شێوەیەکی ئاشکرا دەمهەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە ئێمە گەشەماندا بە مەبدەئی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی باشوور لەنێو میسۆپۆتامیادا لەوکاتەی گەشە دەدەین بە حکومەتی گشتی لەوێکاندا)) (٧)، بە شێوەیەکی دی چەرچڵ جەختی کردەوە لە سەر بوونی دوو کیانی سەربەخۆ لە ڕووی سیاسییەوە ((واتە ئەو هەرێمە کوردییەی کە ئۆتۆنۆمی هەیەو ئەو نێوچە عەرەبییانەی حکومەتی تەواویان تێدایە، هەر دوو لایان کار دەکەن لە ژێر سایەی منداتی بەریتانیادا))، وەلێکان دۆستی یەکتر بن یاخود یەك بن لە

---

(٦)ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، ژمارە ١٣،١٥ ئایار/ مایۆی ١٩٢١، وەزارەتی کۆلۆنیالیەکان

(٧) Robert Rhodes James, Winston S Churchill, His Compiete Speches 1897- 1963.

**ڕووی بەرژەوەندییە ستراتیژیو ئابوورییەکان، چەرچڵ هیوای خواست کورد لە توانایدا بێ بە سەرپەرشتی کۆمیسێری باڵاو ڕێنیشاندانەکانی کاروبارە سیاسیو ئیداریو سەربازییەکانی خۆی بەڕێوە بەرێ بەبێ ملکەچبوون بۆ دەستەڵاتی مەلیك فەیسەڵ لە بەغدا، چەرچڵ ئامانجی وەزارەتەکەی دیاریکرد بەوەی کوردستانی باشوور تایبەتمەند بێ لە وڵاتانی عەرەبی وەك تایبەتمەندیی نیپاڵ لە هیندستان (٨).**

**یۆنگ لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا چاوی کەوت بە مەلیك فەیسەڵو، درێژەیدا بە ڕاڤەکردنی پێشبینیەکانی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان دەربارەی پێوەندی لە نێوان هەرێمی کوردستانی باشوورو وڵاتی عێراق، جەختیکردەوە کە ئامانجی بەریتانیا پشتگیری نییە لە (ئیمپریالیزمی عەرەبی) واتە فەرزکردنی دەستەڵاتی عەرەب بەسەر کورددا دژی هەستی وان وەك ئەوەی فەیسەڵو دەستو پێوەندەکانی داوایان دەکرد، بەڵکو هاندانی نەتەوەیی عەرەب بوو، واتە جێبەجێکردنی خواستەکانی عەرەب لە دروستکردنی دەوڵەتێك لە نێوچە عەرەب نشینەکان، یۆنگ ڕوونیکردەوە کە ئەو چارەسەرە نابێ لە گۆڕینی ئەو هەرێمەدا خۆی ببینێتەوە کە ناوچەیەکی پارێزراو بێ لە لایەن بەریتانییەکانەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا تورکیای کەمالی بێزاری دانیشتوانانی کورد دەقۆزێتەوە دژ بە بەریتانیاو کۆمەڵی عەرەبی، چارەسەری مەنتیقیانە لەنێوان هەرێمی کوردستانو کۆمەڵە عەرەبیە نوێکەدا بە پێی پێشبینیەکانی لەندەن گرنگیدان بوو بە هەستی نەتەوەیی کورد لە ڕێگای پێکهێنانی**

---

(٨) لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس، ١٨ی حوزەیرانی ١٩٢١، وەزارەتی کۆڵۆنیالیەکان ٢٠/٧٣٠.

**کیانێکی کوردی سەربەخۆ کە هاوەڵی کۆمەڵی عەرەبی بێ و پێوەندی پتەوی ستراتیژیی و سەربازیی و ئابووری لە نێوانیاندا هەبێ، لە لایەکی دیکەوە ئەو کیانە کوردییە قەڵغانێکی پتەو بێ و عێراق بپارێزێ لە هەڕەشەو گوڕەشەکانی تورکیا لە بەرامبەریشدا عێراق بازاڕو دەرچەی دەریایی بە ڕووی ئەم کیانەدا بکاتەوە کە هەردووکیان لە ڕووی ئابوورییەوە گرنگ بوون(٩).**

**پێدەچێ مەلیك فەیسەڵ ئاگاداری ئەو گفتوگۆیانە بووبێ کە لە نێوان فەرمانبەرانی بەریتانیا لە بەغداو بەرپرسانی بەریتانیا لە لەندەن لە گۆڕێدا بوو لە بارەی ئایندەی سیاسی کوردستانی باشوور، سەرباری بڕوابوونی بە لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عەرەبییەوە بە بێ قەید و شەرت بەوەی خاکی عەرەبە ، فەیسەڵ وا خۆی دەردەخست وەك ئەوەی ڕەزامەندبێ بە پێوەندییەکی فیدرالیانە لە نێوان ئەو هەرێمەو عێراقدا، تەنانەت داوای لە بەریتانیەکان کرد بە گژ سیاسەتی هەڕەشەو گوڕەشەکاری تورکیای کەمالیدا بچنەوە لە ڕێگای قەناعەت پێهێنانی دانیشتوانانی کوردستانی باکور تاوەکو لەگەڵ کوردستانی باشووردا بچنە پاڵ یەك و ئۆتۆنۆمی وەربگرن لەنێو دەوڵەتی عێراقدا(١٠).**

---

**(٩) لە کۆکسەوە بۆ چەرچل، ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان ٦٠/٧٣٠.**

**(١٠)لە کۆمیسێری باڵا لە عێراقەوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ٢/١ ١٩٢٢، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨٠/٣٧١.**

**فەیسەڵ هیچ داوایەکی نەبوو لە ملکەچ پێکردنی کوردستانی باشوور بۆ نێو دەستەلآتەکەی وە دیسانەوە هیچ داوایەکی نەبوو بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لەنێو عێراقدا، پشتگیری وەزارەتی کۆلۆنیالیەکانی وەدەسهێنا، بێ پشتگیری کۆمیسێری بالآ و ژنە سکرتێری ڕۆژهەلآت لە بەغدا، ڕێفراندۆمی ساڵی ١٩٢١ هاتەپێشێ لەبارەی قایلبوون بە پاشایەتی فەیسەڵ وەلێکان زۆرینەی دانیشتوانانی هەرێمی کوردستانی باشوور ڕەتیان کردەوە ئەمەش لێدانێکی جەرگبڕ بوو، سەرەڕای دژوارییی ئامادەکارییەکان تاوەکو ببێتە پاشایان (١١)، فەیسەڵو کۆکسو بێڵ لە دژی ڕێفراندۆمی گشتی وەستانەوە لە کوردستانی باشوور لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی(١٢) هەرسێکیان بەرهەڵستی گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان کرد لە هیندستانەوە بۆ سلێمانی لەبەر ئەوەی دەبووە لەمپەڕ لەبەردەم هەوڵی لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عەرەبییەوە.**

**فەیسەڵ لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ قەناعەت پێهێنانی لەندەن بەوەی کە لە توانایدایە ڕامی کورد بکات بەرەو بیرۆکەی پاشکۆبوون بۆ نێو دەوڵەتەکەی پەیمانیدا قبوڵی دامەزراندنی حکومەتی کوردی بکا لە هەرێمی کوردستانی**

---

**(١١) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراقی، ژمارە ١٥،١٩ی ئابی ١٠٢١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٥٣/٣٧١.**

**(١٢) هەمان سەرچاوە، ژمارە ٢١،١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١.**

**باشوور ، دوای ئەوەی چەرچڵ لە پۆستەکەی نەما وەك وەزیری کۆڵۆنیالییەکان وە حکومەتی پارێزگاران لە لەندەن گەیشتنە دەستەڵات، گۆڕانکاری بە دووی خۆیدا هێنایە کایەوە لەهەمبەر کوردستانی باشوورو پەشێمان بوونەوە لە پرۆژەی دامەزراندنی کیانێکی سیاسی سەربەخۆ لە پێناو لکاندنی بە دەوڵەتی عەرەبییەوە، لە کانونی یەکەمدا مەلیك فەیسەڵو کۆکس بە جووتەو بەشەریکی بەیاننامەیەکی عێراقی- بەریتانییان دەرکردو داوایان لە کورد کرد قبوڵی فیدڕالیەت بکات:**

**حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق داندەنێن بە مافگەلەکانی دانیشتوانانی سنووری عێراق لە دامەزراندنی حکومەتی کوردی لەو چوارچێوەدا، هەردوو لا هیوایان خواست کوردەکان لە نێزیکترین وەختدا بگەنە ڕێکەوتنێك لە نێوان خۆیاندا لەبارەی شێوەی ئەو حکومەتەی دەیانهەوێ، وە ناردنی نێردراوانو بەرپرسانی بەریتانیا بۆ بەغداو گفتۆگۆکردن لەبارەی پێوەندییە ئابووریو سیاسییەکانیان لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق(١٣).**

**پوختەی قسان، مەلیك فەیسەڵو دەستوپێوەندەکانیو ئەفسەرانی هاشمی ڕاستگۆ نەبوون لەبارەی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا، ناسیۆنالیستە کوردە ڕاستڕەوەکانیش ڕازی بوون لە پێشی پێشیانەوە شێخ قادر، برای شێخ مەحمود، مەلیك فەیسەڵ و وەزارەتە عەرەبییە یەك لە دوای یەکەکان پاشگەز نەبوونەوە لە ویستو خواستە**

---

**(١٣) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراقی، ژمارە١، کانونی دووەم١٩٢٣، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١.**

موتەوازیعەکانی کورد وەك ماف خوێندن بە زمانی کوردیو دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە نێوچە کوردییەکان بە پێی خواستی دانیشتوانانی.

دوای ٧٠ ساڵان لە پێشکەش کردنی هەوەڵین پرۆژەی فیدرالیەت، کە دواتر دەستی لێهەڵگیرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کورد پرۆژەیەکی دیکەی فیدرالیەتی پێشکەش کرد هەوڵیاندا تا حەدێك بەشێکی خواستەکانیان بگونجێنن لەگەڵ خواستەکانی کوردو بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا.

ئەو پرسیارەی ئەوڕۆکە لە گۆڕێدایە ئەوەیە: بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد کاتێ پرۆژەی فیدرالیەتی پێشکەش کردووە ئایا پرۆژەیەکی ماقووڵو مەنتیقی پێشکەش کردووە، ئایا لەگەڵ مێژووی سیاسیی عێراقی تازەدا ناگونجێ، بەتایبەت ئەگەر بەهەند ئەو قوربانیگەلە گەورانە وەربگرین کە گەلی کورد داویەتی لە ڕێگای ڕاپەرینانێکی زۆرەوەو پرۆسەکانی کوشتنی بە کۆمەڵو کۆچپێکردنی زۆرەملیو بەتالانبردنو عەرەباندنو بەعساندنەوە کە تووشی هاتووە، وە هەروەها ئەو وەعدە درۆیانەی پێیدراوە هەر لە مەلیك فەیسەڵو ئەفسەرانی شەریفییەوە تا کۆتایی حیزبی بەعس لە هەردوو سەردەمی سەدامو بەکردا؟

# كوردستانی عێراق

## ڕەگو ڕیشەی مێژوویی پرۆژەی فیدرالیەت

لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٢٠ دا، كارێكی فرە پێویست هاتە گۆڕێ بۆ دانانی سنوورێك بۆ یاسای دەست تێوەردان كە دابەشكرابوو لەنێو وەزارەتەكانی دەرەوەدا، هیندو جەنگ لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا، وەك ئەنجامێكی چاوەڕوانكراو بۆ شكشتخواردنی بڕیاردانی ڕاستەوخۆ لە ناوچەكانی مانداتدا وەكو عێراقو، كاتێ ڕاپەڕینێكی خوێناوی لە نێوەڕاستی ١٩٢٠دا ڕوویدا لە لایەكەوەو، ئەو تێچوونە زۆرەی كە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەكانی ماندات لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست خەرج دەكراو پاراستنی لە لایەكی دیكەوە، لە ڕاستیدا سەرپاكی ڕۆژنامەكانی بەریتانیا ڕەخنەیان لەو دوو فاكتەرە دەگرت، هەر ئەو ئەو ڕەخنەیە بەخێرایی بووە بابەتێكی مشتومڕاوی لەنێو پەڕلەمانداو تیایدا سیاسەتەكانی میسۆپۆتامیا كەوتە بەر هێرشێكی توند، ئەو مشتومڕە پەڕلەمانییە گلی خواردەوە، وەك كلیمان گوتی، كۆتا هاندەر بوو بۆ گۆڕانكاری كردن لە پرۆسەی بڕیارسازیو ئاڕاستەكردنی سیاسییەكاندا (١)، لە كۆتاییدا ئەنجومەنی وەزیرانی بەریتانیا بڕیاریدا وەزارەتی كۆلۆنیالییەكان ڕاسپێرێ بە گرتنە دەستی بەرپرسیارێتی ئیداری و دروسكردنی بڕیاری سیاسی لە ڕێگەی ئیدارەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستەوە،

(١) Aaron S. klieman, Foundation of Biritsh Policey in the Arab world: the Cairo conference of 1921.

ئارۆن اس كلیمان، بنەماكانی سیاسەتی بەریتانیا لە جیهانی عەرەبیدا: كۆنگرەی قاهیرە لە ساڵی ١٩٢١(بلتیمورو لەندەن) ١٩٧٠)، لاپەڕە ٨٤-٨٥، ٨٧.

شانبەشانی یەکتر وێڕای گشت خەرجییە مەدەنیو سەربازییەکانو(٢)، نەخشەی دەست تێوەردانی ناڕاستەوخۆ لەسەر پێکهێنانی ئیدارەیەکی نیشتیمانی بە سەرپەرشتی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیادا، لەگەڵ ئامانجی دانانی سنوورو نەهێشتنی ئەو تەنگژە داراییە گەورەیەی بەریتانیا، ئەمانە ئامانجێکی مەرکەزییان پێکدەهێنا بۆ سەرپاکی گۆڕانکارییە نوێکان.

ئەم گۆڕانکارییانە، لە سەر هەر دوو ئاستی بڕیاردانو ئاڕاستەکردنی سیاسەتوانان بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری دەکردە سەر ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، هەمیسان کاریگەریشی دەکردە سەر کوردستانی باشوور، ئەم لێکۆڵینەوەیە پتر باس لە ڕۆڵی هەر یەك لە پێرسی کۆکس کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیاو، وینستۆن چەرچڵ وەزیری ئەوکاتی دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان دەکات، ئەم جووتە بوون ئەگەری لکاندنو جیاکردنەوەیان خستە ڕوو، بەریتانیا پێویستی بە پرۆپۆزەڵێکی سیاسی نوێ هەبوو لە پێناو کۆکردنەوەی ئەو دوو ئامانجە گرنگەدا: لە لایەکەوە جێ پێ قایمکردنی پتری بەریتانیا لە میسۆپۆتامیاو کوردستانی باشووردا بۆ ماوەیەکی زێدەتر، وە لە لایەکی دیکەشەوە دەورگرتنی هەڕەشەو گوڕەشە یەك لە دوا یەکەکانی کەمالییەکان لەکاتی پاشەکشەکردنی بەریتانیا لە نێوچەکەدا، ئەم دوو لایەنە گرنگە یەکلاکەرەوە بوون بە نیسبەت کوردەکانەوە.

لە ١٢ی ئازار/ مارسی ١٩٢١ کۆنگرەی قاهیرە دەستی بەکارەکانی کرد تا

(٢) ڕاسپاردە هاوبەشەکانی لیژنەی سەرۆك وەزیران، CP:٢٠٤٥، ١٩٢١/٢/٧، SAB ٢١/١٨٦، نووسینگەی تۆماری گشتی (خانەی گشتی بەڵگەنامەکان).

**کۆتایی مانگ بەردەوام بوو، چل پسپۆڕی مەدەنیو سەربازی لە کاروباری سیاسەتی بەریتانیادا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئامادەی کۆنگرەکە بوون، بەشداربووان کران بە دوو کۆمەڵەوە لە پێناو سەرخستنی کارنامەی کۆنگرە: لێژنەیەکی سیاسیو لێژنەیەکی دیکەی سەربازیو دارایی، لە دانیشتنی یەکەمدا بە سەرۆکایەتی چەرچڵ سێ تەوەرەی پێکەوە گرێدراو گفتوگۆیان لەسەرکرا ئەوانیش: ئایندەی سیاسی میسۆپۆتامیاو کەمکردنەوەی بەپەلەی پابەندبوونە سەربازییەکانو ئایندەی پێوەندییەکانی بەریتانیاو میسۆپۆتامیا لە ژێر سایەی مانداتدا، لێرەکانەوە بووە هۆی وەدیارخستنی ئایندەی کوردستانی باشوور، ئیدی لە دوا کۆبوونەوەی لێژنەی سیاسیدا ئەم باسە گرنگییەکی تایبەتی پێدرا.**

**لە سەرەتادا لێك نێزیك بوونەوەیەك لە سەر مێزی گفتوگۆكان دروست بوو لە نێوان ئەندامانی لێژنەی سیاسیدا، گەیشتن بە دوو هەڵبژاردنی سیاسی پەسەندو دژبەیەك بە نیسبەت ئایندەی کوردستانی باشوورەوە، کۆکس، لەلایەن ژنە وەزیری ڕۆژهەڵاتەوە گیرترۆد بێڵ پشتگیری دەکرا، وەك عەرەبێ تەماشای چارەنووسی کوردستانی باشووری دەکرد لە ڕێگەی داواکاریەکانی دەوڵەتانی دراوسێ لە هەمبەر خانەوادەی هاشمییەکانو باوەڕیارانی سوننە لە میسۆپۆتامیادا، کۆکس جەختیکردەوە کە کوردستانی باشوور بەشێکە لە عێراقو هەروەها جەختیکردەوە کە کوردەکانی باشوور ئاگاداری پێوەندییە بازرگانیەکانن لەگەڵ بەغدا، کۆکسو بێڵ کەوتنە مشتومڕ، هەردووکیان گەیشتن بەوەی کە سەرپاکی کوردانی باشوور جگە لە خەڵکی سلێمانی خوازیاری گەڕانەوەن بۆ عێراق، وە بۆ چەسپاندنی تێبینییەکانی کۆکس ڕایگەیاند کە شتومەکی کۆکراوەی نێوچە کوردییەکان بەشی خەرجییەکانی بەڕێوەبردنی**

**ناكات (٣)، پێش بەستنی كۆنگرەی قاهیرە، كۆكس بە ڕاشكاوی دژایەتی خۆی بۆ هەر جۆرە ئۆتۆنۆمییەكی كوردی دەربڕی‌و ڕاكەی ئیدوین مۆنتاگیۆ وەزیری دەوڵەتی بۆ كاروباری هیندستان ڕەتكردەوە، كاتێك بانگەشەی دانانی حاكمێكی كوردی كردبوو لە كوردستانی باشوور(٤).**

**كۆكس و بێڵ ڕایانوابوو كە كوردانی باشوور ئامادەی قبوڵكردنی دەستەلاتی عەرەبن، هەروەتر ڕایانوابوو كوردانی باشوور لە توانایاندا نییە لە ڕووی ئابوورییەوە خۆیان بەڕێوەبەرن، سەد لەسەد پێچەوانەی ئەو زانیاریانەی پێشوو بوو كە هەریەك لە ئارنۆڵد وێڵسن بەرپرسی مەدەنی كاتیی ئەوكات‌و ئێدوارد نۆئێڵ وەك یەكێك لە ئەفسەرانی سیاسی لە كوردستان خستبوویانە ڕوو، هەردووكیان ڕایانوابوو كە كوردەكان تێكڕا دەستەلاتی عەرەبی ڕەتدەكەنەوە، سەرباری ئەوەش وێڵسن هەوڵیدەداو بە بەردەوامی دەكۆشا لە پێناو كوێركردنەوەی نێوچە كوردیەكان لە میسۆپۆتامیای سەر بە ئیدارەی بەریتانیادا، هۆكەشی دەوڵەمەندی كوردستانی باشوور بوو بە بەراوەژووی میسۆپۆتامیای عەرەبی كە بەو شێوەیە نەبوو، كوردستانی باشووریش خەرجییەكی قورسی نەخستبووە سەر شانی بەریتانیا، ئیدی هەر سوور بوو لە سەر ڕاكەی، خوارووی كوردستان دەغڵ‌ودان، داروودەوەن، میوەهات، توتن، لەمانەش گرنگتر سامانی نەوتی هەبوو، بە پێچەوانەی میسۆپۆتامیای سەر بە ئیدارەی بەریتانیا، زۆربەی هەرە زۆری خەرجییەكانی**

(٣) ڕاپۆرتێكە دەربارەی كۆنگرەی ڕۆهەلاتی نێوەڕاست كە لە قاهیرەو قودس بەسترا، ١٢-١٩٢١/٣٠، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ٦٣٤٣/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەكان.

(٤) لە وەزیری دەوڵەت بۆ كاروباری هیندستانەوە بۆ كۆمیسێری باڵا، بەغدا ١٩٢٠/١٠/٢٧و كۆمیسێری باڵا، میسۆپۆتامیا، ١٩٢٠/١١/١٧، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا (٣٧١٩٥٠٦٩)، خانەی گشتی بەڵگەنامەكان.

بەریتانیا لە هێڵی ئاسنین‌و دروسکردنی ڕێگاوبان‌و بەنداوو پردو وێستگەدا سەرفدەکرا وێڕای خزمەتگوزاری دیکە کە لە میسۆپۆتامیادا جێبەجێ دەکرا، ئەم خزمەتگوزاریانەش کوردستانی باشووری نەدەگرتەوە.

بە بەراوەژووی بۆچوونەکانی کۆکس‌و بێڵ، هیوبێرت یۆنگ ڕایوابوو کە دواتر بووە یاریدەدەری وەزیر بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تازە، دەبێ کوردستانی باشوور بە پەلە پێکبهێنرێ وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تاوەکو پەلبهاوێ‌و هەستێ بە ئەرکی پچڕاندنی ستراتیژیی لەبەرپەرچدانەوەی هەڕەشەو گوڕەشەکانی کەمالییەکان دژ بە ئایندەی عێراق، بەتەنێ نوئێڵ پشتگیری نەدەکرد بەو پێیەی وەك بەشدارێکی کۆنگرەو بەو سیفەتەی پسپۆڕێکی تاقانە بوو لە کاروباری کوردیدا، بەڵکو بێڵ‌و چەرچڵیش پشتڕاستیان کردەوە، وە ترسی خۆی لەهەمبەر پەراوێزخستنی کوردان‌و چەوساندنەوەیان وەك کەمینەیەکی کوردی دەربڕی لە لایەن دەستەڵاتدارێکی هاشمی بە یارمەتی سوپا عەرەبییەکەی(٥)، چەرچڵ بە پێچەوانەی نوئێڵ تۆقی بوو وایدەزانی بوونی دەوڵەتێکی عەرەبی بە قەوەت کە لە توانایدا بێ هانی شەریف فەیسەڵ بدا بۆ بێهێز کردنی بەریتانییەکان لە میسۆپۆتامیادا ، کۆنگرەکە پێشی ئەوەی بە کۆتا بگا ڕوون بوویەوە کە چوار لە حەوتی ئامادەبوانی کۆنگرەکە پشتگیرییان لە سەربەخۆیی کوردستانی باشوور دەکرد بێئەوەی ملکەچی دەستەڵاتی عەرەبی بێت، ئەو چوارەش ئەمانە بوون: چەرچڵ، یۆنگ، نوئێڵ، تی ئی لۆرانس( لۆرانسی عەرەب) وەك ڕاوێژکاری سیاسی لە بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاریدەکرد ، لە بەرامبەریشدا کۆکس‌و بێڵ پشتگیرییان دەکرد لە

(٥) ڕاپۆرتێك دەربارەی کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەگەری لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە، لەو کاتەدا بە تەنێ مێجەر ئار دی ڕابکۆك مایەوە، سکرتێری لیژنەی سیاسی بوو، تاقە ئەندامی ئەو لیژنەیە بوو کە گوزارشتی نەکرد لە بۆچوونەکانی لە بارەی مەسەلەی ئایندەی کوردستان لە لایەکەوە، هەروەتر هەر جۆرە دەنگدانێکیشی ڕەتکردەوە، بەم شێوەیە کۆنگرەکە وازی نەهێنا لە بیرۆکەی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی باشوور، بەهەمان شێوەی بیروباوەڕی ماکداوڵ(٦)، کۆنگرە جەختی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەگەری لکاندن کردەوە، هەتا ئەو کاتەی کوردانی باشوور بۆ خۆیان ئەو داوایە دەکەن.

کۆنگرەی قاهیرە سەرکەوتنی بەدەسهێنا لەوەی کە نابێ کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی دەوڵەتی عێراقیدا بتوێنرێتەوە، هەروەتر کۆنگرە بڕیاریدا بە مانەوەی کوردستانی باشوور وەك وڵاتێکی سەربەخۆ تاوەکو ببێتە خەتێکی جیاکەرەوەو میسۆپۆتامیا بپارێزێ، تائەو حەلەی کوردانو نوێنەرانیان بۆخۆیان داخوازی دەکەنو بەهێز دەبن لە پێناو دیاریکردنی ئایندەی سیاسییان، لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی قاهیرە، چەرچڵ مەسەلەیەکی فرە گرنگی هورووژاند دەربارەی ئەوەی ئایا بەریتانیا پێویستی بە بڕگەیەکی تایبەتە لە پێناو پرۆژەی بەڵگەنامەی مانداتدا لە میسۆپۆتامیادا، لەم ڕوانگەوە، ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان کەوتە گفتوگۆیەکی ناڕەسمی لەگەڵ یاریدەدەری ڕاوێژکاری یاسایی لە وەزارەتی دەرەوە، گەیشتنە ڕاسپاردەیەکی کۆتایی لەبارەی گۆڕینی چەند بڕگەیەکی بەڵگەنامەی ماندات لە میسۆپۆتامیادا، ئەگەر

---

(٦) David Mcdowell, Amodern history of the kurds.

**چی کۆکس بەر هەڵستی کرد:**

**لە بڕگەی ١٦ی مانداتی میسۆپۆتامیادا هاتووە دەڵێ:**

**هیچ شتێك لەم مانداتەدا ناتوانێ ڕێگە لە دەستەلاّتی ماندات بگرێ لە پێکهێنانی ڕژێمێکی بە ئیدارە سەربەخۆ لەو نێوچانەی کە زۆربەی هەرە زۆریان کوردن لە بەشی باکووری ولاّتی میسۆپۆتامیادا، وەك ئەوەی بە پێویست دەزانرێ (٧).**

**فاکتەری سەرەکی بەرپێوار لە پشت هەڵوێستی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ترسگەلێکی ئەو وەزارەتە بوو لە ئەگەری سەپاندنی دەستەلاّتی عەرەبی بەسەر کوردانی باشووردا کە بێتە هۆی ناجێگیری سیاسیو وا لە بەریتانیا بکا بکەوێتە هاوکێشەیەکی نەویستراوەوە کە بەرپرسیاریەتی سیاسیو سەربازی لە سەر ئاستی ئاسایشی میسۆپۆتامیا دروست بکات، ئەم ترسگەلە یەك بەدوایەکانەی بەریتانیا هۆکەی ئەو تەماحەی تورکە کەمالیستەکان بوو لە باشوور بە ئاڕاستەی میسۆپۆتامیادا، ئیدی ئەمەش ترسو ئەگەرێك بوو بۆ دروستبوونی هاوپەیمانییەکی کەمالی- کوردستانی لە دژی بەریتانیاو عێراقی عەرەبی، ئەمەش وای لە بەریتانیا دەکرد کە پاشەکشە بکا لە پاراستنی عێراق، وەلێکان بە پێی سیمینارەکانی کۆنگرە ئەگەری مانەوەی کوردستانی باشوور لە دەرێی عێراق بەراوەژوو دەردەچوو، هەروەتر وایدەکرد بەریتانیا نەخشە بەرپێوارەکانی جێبەجێ بکا لە پاشەکشەکردن بە هێزەکانیو دانانی سنوورێك بۆ بەرپرسیاریەتە داراییە گەورەکانی لە میسۆپۆتامیادا، چەرچڵ**

---

(٧) **کلیمان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە:١٢٣.**

**خوازیار بوو ئەفسەرانی بەریتانیا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی یەکە سەربازییە کوردییەکان بە کەمترین خەرجی بگرنە ئەستۆ تاوەکو جێگەی پارێزگاریکەرانی بەریتانیا لەوێکاندا بگرێتەوە، وێڕای بەرپرسیاریەتی تەواو لە پارێزگاریکردن لە میسۆپۆتامیا (٨)، چەرچڵ دڵنیا نەبوو لە توانای سوپای عێراق بۆ پاراستنی میسۆپۆتامیا لەهەمبەر هەر ئەگەرێکی ڕووبەڕوو بوونەوەی کەمالییەکان، چەندینجار جەختیکردەوەو دای بەگوێی کۆکسدا لە سەر بەها سەربازییەکانی یەکە سەربازییەکانی کورد بۆ پاراستنی میسۆپۆتامیا (٩)، بۆ ئەم مەبەستە کۆشان لە پێناو چەسپاندنی جۆرێك لە هەستکردن بە ئینتیمای نەتەوەیی کوردیی لە ڕێگەی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی کە بکۆشێ لە پێناو دووبارە گێڕاندنەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ کوردستانی باشوور.**

**لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئیحتوبارانە، چەرچڵ دەسپێشخەری کرد لە ئاگادار کردنەوەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لۆید جۆرج کە ساڵێك بە مۆقەت سەرپەرشتی سیاسەتی وەزارەتی کۆلۆنیالییەکانی کورد بکات، ئەو سیاسەتە بە دەستی کۆمیسێری باڵا جێگیر بکرێ لەسەر مانەوەی بەڕێوەبردنی کوردستانی باشوور، لەبری حکومەتی عەرەبی مۆقەت لە بەغدا، بە چاوەڕوانیکردنی کۆتایی هاتنی ماوەی ئەو ساڵە کە لە برگەی ژمارە ٥ی پەیماننامەی سیڤەردا هاتووە، لۆید جۆرج دڕدۆنگ بوو لە هەمبەر چالاکی کەمالییەکان لە کوردستاندا، ئیدی**

**(٨) ڕاپۆرتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو.**

**(٩) لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس، ١٩٢١/٦/١٨، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان، ٢/٧٢٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**ڕەزامەندی لەسەر ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی قاهیرە دەربڕی (١٠)، زۆر ئاشکرا بوو کە حکومەتی بەریتانیا پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکرد، لە دوای کۆنگرەی قاهیرە چاوەڕوانییەکی وای لەم دەوڵەتە دەکرد کە ببێتە بنەڕەتێکی مەرکەزی لە بنەڕەتەکانی سیاسەتی بەریتانیا بە نیسبەت کوردستانی باشوورەوە (١١).**

(١٠) **پەیامێك لە سەرۆك وەزیرانەوە بۆ چەرچڵ،**١٩٢١/٣/٢٢، **وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا** ٦٣٤٢/٣٧١، **خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

(١١) **هیوبێرت یۆنگ، کۆنووسی کۆبوونەکانی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان (سی ئۆ) لە** ١٩٢٣/٦/٢٠ **واتش ڕید،** ٤٠/٧٣٠، **خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

* * *

**وێڕای ئەوەی کۆنگرەی قاهیرە ڕێنماییدا بە دامەزراندنی کوردستانی باشوور بە شێوەیەکی سەربەخۆو ناوچەیەکی جیاکەرەوە، وەلێکان وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان داوای لە دەستەلأتدارانی بەریتانی نەکرد لە میسۆپۆتامیادا بۆ جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، وەك ئەوەی ڕوویدا لە دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی لە میسۆپۆتامیادا، هۆکاری ئەم ئامادەنەبوونە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان کە گرنگییەکی سنورپەڕێنی دەدا بە ڕێکخستنی دەوڵەتی عەرەبیو کاندیکردنی فەیسەڵ تاوەکو لە سەر عەرشی عێراق دابنیشێ، ئەم ڕەوشە وای لە کۆکس کرد فەرامۆشی ئەو دەسپێشخەرییە بکا بۆ هەنگاوێکی دیکە بە ئاڕاستەی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی، پێشنیاریکرد بە پرۆژەگەلێکی جیاواز لە پێناو پرۆسەی لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراقییەوە لەڕێگەی دەروازەگەلێکی ئابووریو داراییو سیاسییەوە، کۆکس بەپەلە ڕەخنەکانی دەربڕی دەربارەی دەرەنجامە نێگەتیڤە ئابورییەکانی جیاکردنەوەی کوردستانی خواروو بە نیسبەت میسۆپۆتامیاوە، هۆکاری ئەم نائامادەگییە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان کە گرنگییەکی سنورپەڕێنی دەدا بە ڕێکخستنی دەوڵەتی عەرەبیو کاندیدکردنی فەیسەڵ بۆ دانیشتن لەسەر عەرشی عێراق، ئەم بارودۆخە وای لە کۆکس کرد فەرامۆشی ئەو پێشنیارە بکاو هەنگاوێکی دی بنێ بە ئاڕاستەی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی، جگە لەم هەنگاوە پرۆژەگەلێکی جیاوازی دیکەی پێشکەش کرد لە پێناو پرۆسەی لکاندنی کوردستانی خواروو بە دەوڵەتی عێراقییەوە لە بوارەکانی ئابووریو داراییو سیاسی، هێشتا کۆنگرەی قاهیرەی بەکۆتا نەگەیشتبوو کۆکس هاواری**

**لێهەستاو ڕەخنەکانی پێشکەش کرد لە بارەی دەرەنجامە نێگەتیڤە ئابوورییەکانی جیاکردنەوەی کوردستانی باشوور بە نیسبەت ئایندەی میسۆپۆتامیاوە، خۆی و دەستوپێوەندەکەی ڕایانگەیاند کە پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمەکانی لیوای موسڵ و شاری موسڵ گەلێك پتەوە تا ئەو ئەندازەیەی کوردنشینانی ئەو ناوچەیە هیچ خۆشحاڵ و ئامادەنەبوون بە هەر جۆرە جیاکردنەوەیەکی ئیداری کە دواتر دەبووە هۆی دروستبوونی بەربەستگەلێکی گومرکی، وایان بە خاس دەزانی دیمۆگرافیای نێوچە کوردنشینەکان بگۆڕن بە لیوایەکی فەرعی کەلە ڕووی سیاسی و دارایی و یاساییەوە پاشکۆی بەغدا بێت (١٢)، کۆکس هەستابە بەدەمەوە هاتنی نێوچە کوردنشینەکانی دیکە لە ڕووی ئابوورییەوە، دڵنیابوو کە ڕێبەرانی ڕای کوردان تێگەیشتنی تەواویان هەیە لە هەمبەر حەقیقەتی پێوەندییە ئابووری و پیشەسازییەکانی کوردستانی باشوورو عێراقی عەرەبی، وە ئەو نەهامەتی و دەردی سەریانەی لە ئەنجامی ئەو جیاکردنەوەیە دێنە کایەوە (١٣)، وەختێ قایلبوون دەستەڵاتدارانی بەریتانیا دانیان بەوەدا نا کە خەڵکی سلێمانی نایانهەوێ هیچ جۆرە پێوەندییەکیان هەبێ بەو دەستەڵاتە عەرەبییەوە بێ سڵەمینەوە لە دەرەنجامە نێگەتیڤە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکان (١٤).**

---

**(١٢) ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا (ئیٚم ئای ئاڕ)، ژمارە ١٢، ١٩٢١/٥/١، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(١٣) ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، هەمان سەرچاوە.**

**(١٤) ڕوونکردنەوەی کۆمیسێری باڵا ژمارە: ١٣ بۆ ئەنجومەنی کاتیی ویلایەتی موسڵ لە ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیادا ژمارە: ١٤، ١٩٢١/٦/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٥٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

سەرباری پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەکەی لە ڕووی ئابوورییەوە، کۆکس جەختیکردەوە لە پشتگیری کردنی نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا لە ڕێگەی گرتنەخۆی داخوازییەکانی هەرێمە عەرەبییەکان لە نێوچەکانی کوردستانی باشووردا کە خەتێکی سیاسی یۆتۆپی دەخوڵقاند بۆ دیاریکردنی گشت هەڕەشەوگوڕەشەکانی کەمالییە بەلشەفییەکان لە هەمبەر باڵادەستی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیادا (١٥)، ڕەگوڕیشەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم، وەختێ بەریتانیا سەرکەوتنی بەدەسهێنا لە پەرتکردنی پێوەندییەکانی نێوان تورکەعوسمانیو عەرەبەکاندا کە بزوتنەوەی شەریفییان گوزارشتی لێکرد لە ڕێگەی پشتگیری کردنی هەنگاوە سیاسییەکانی لایەنی یەکەم، لەهەمان کاتدا بەریتانییەکان سەرکەوتنیان بەدەسنەهێنا لە شکستهێنان بە هێزەکانی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تا ئەو حەلەی عەرەبەکان یارمەتیو دەست گیرۆییان کردن، گێرترۆد بێڵ یەکێ بوو لە دیارترین هەوادارانی ڕێکەوتننامەی نێوان بەریتانیاو هاشمییەکان، کاریگەری گەورەی کردە سەر بۆچوونەکانی کۆکس کە پتر بەلای عەرەبەکاندا دایدەشکاند، دواتر زۆر بە ڕوونی دەرکەوت بۆچوونەکانی بەراوەژووی پێشینە ئیمپریالیزمە کلاسیکییەکەیەتی، هەروەتر بۆ قەناعەت هێنان بە چەرچڵ بۆ تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی عێراقدا، ئەمەش تاقە ئەگەری سیاسیو ئیداری بوو بۆ پێکەوە ژیانیان، کۆکس لە ئایار/ مایۆی ١٩٢١دا لە هەنگاوێکی بەراوەژووی نەخشەی قاهیرەدا هەستا بە داهێنانی نەخشەیەکی گرێ گرێو ئاڵۆزکاو بە جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان

---

(١٥) لە کۆکسەوە بۆ چەرچڵ، ١٩٢١/٦/٢١، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان

لە چوارچێوەی دەوڵەتی عەرەبی عێراقیدا، نێوچە کوردییەکانی لیوای عێراق لیوایەکی فەرعییان لێ پێکدەهات‌و یاریدەدەری موتەسەڕیفی بەریتانی ئەو دەستەڵاتەی دەگرتە دەست، ئەم لیوایە لە ڕووی دارایی‌و یاساییەوە دەبووە پاشکۆی حکومەتی نیشتیمانی مەرکەزی لە بەغداو نوێنەرانیشی دەناردە ئەنجومەنی نیشتیمانی، کۆمیسێری باڵاش سەرۆکایەتی دەسنیشان کردنی ئیدارییەکانی دەکرد بە مۆچیاری کردن لەگەڵ مەرجەعە نێوخۆییەکان، بە واتایەکی دیکە نێوچە کوردیەکانی دهۆك، زاخۆ، ئاکرێ، زێبارو ئامێدی دەبنە پاشکۆی دەستەڵاتی بەریتانیاو عێراق بەشەریکی وە بە فەڕمیش بەشێکدەبن لە عێراق، بەنیسبەت هەولێر، ڕەواندوزو کۆیسنجەق فەرمانبەرانی بەریتانیا لە ڕووی ئیدارییەوە بەڕێوەی دەبەن، وێڕای دامەزراندنی فەرمانبەرە گچکەکان بە ویست‌و خواستی کوردان خۆیان، بەم شێوەیە نێوچە کوردییەکان وەك خۆیان دەمێننەوە، سەرەڕای ئەوەی بەشێك دەبن لە عێراق‌و دەچنەوە ژێر دەستەڵاتی بەریتانیا، یەکێکی دی لە پرۆژەکانی کۆکس هەستا بە کارێکی دیکەی گرنگ ئەویش بە دوور خستنەوەی نێوچە کوردنشینەکانی شاری کەرکوك کە لە ژێر سایەی ڕاستەوخۆی دەستەڵاتی عەرەبیدا بوون، بە نیسبەت نێوچەکانی دیکەی کوردستانی باشوور بە تایبەت سلێمانی‌و دەوروبەری دەچنەوە ژێر سایەی دەستەڵاتی ئیداریی بەریتانییەکان‌و کوردەکان بەشەریکی، کۆمیسێری باڵاش سەرۆکایەتی دەسنیشانکردنی موتەسەڕیفی دەکرد کە بۆی هەبوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسانی لەگەڵ بکات، وەلێکان دەبوو قایمقام کورد بێت (١٦).

(١٦) ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، ژ ١٣، ١٩٢١/٥/١٥، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان، ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

**بوونی زەماناتێكی سەرزارەكی لە دژی هەر چەوسانەوەیەكی عەرەبی دژ بە كوردان، وەك تێهەڵكێش كردنی فەرمانبەرانی بەریتانیا لە ئیدارەی نێوخۆیی لە كوردستانی باشووردا هاسانترە لە ئاساییكردنەوەی مەترسیەكانی كورد لە هەمبەر دەستەلأتی عەرەبیدا، ڕاپۆرتە فەرمییەكانی بەریتانیا لەبارەی هەڵوێستەكانی كوردەوە لە نەخشەكەی كۆكسدا سەركەوتنێكی كەمی بەدەسهێنا تەنانەت لە ڕیزەكانی ئەو دوو ئەنجومەنە نێوخۆییەی بەریتانیەكان پێكیان هێنا لەنێوان ناوچەكانی ئاكریۆ زاخۆو نێوچە كوردیەكانی دیكەدا، ئازادانە هەلی گوزارشت كردن ڕەخسا بۆ ژمارەكی ئێكجار زۆری كوردان، زۆربەی هەرە زۆریان دژایەتی هەرجۆرە شكلێكی ملكەچبوونیان دەكرد بۆ دەستەلأتی عەرەبی، دانیشتوانانی شاری سلێمانی زۆرینەیان بەرهەڵستی خۆیان نیشاندا لەهەمبەر هەر دەستەلأتێكی عەرەبی ئەمەش لە سەرژمێرییەكدا خۆی دەبینییەوە وەك لە ڕاگەیاندنەكەی كۆكسدا هاتبوو، لە وەختێكدا ماف دەنگدان مەرجدار كرابوو بۆ كەسانی تایبەتو موڵكدار، ٣٢ كەس لە كۆی ١٩٠ كەس پشتگیریان خۆیان دەربڕی لە هەمبەر پێشنیاری لكاندنی كوردستانی باشوور بە عێراقەوە، بەلأم لە ناوچەكانی دی كە ماف دەنگدان مەرجدار نەكرابوو دەنگدەران سوور بوون لەسەر ڕەتكردنەوەی ئەو جۆرە لكاندنە بە عێراقەوە، ئیدی لە نێوچەی سلێمانی ٣٢ كەس لە كۆی ٦٠٠٠ كەس پشتگیریان لەو بیرۆكەیە كرد، لە شاربازێڕ سەرپاكیان دژایەتی خۆیان دەربڕی، بە تەنێ تاقە تیرەیەكی جاف لەنێو هۆزە كوردیەكاندا لەگەڵ ئەم لكاندنە بوون (١٧).**

---

**(١٧) ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، ژمارە : ١٤، ١٩٢١/٦/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٥٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەكان.**

**کۆکس ڕاپۆرتێکی بەرزکردەوە بۆ وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان تێیدا گوتبوی جگە لە سلێمانی هەڵوێستی ڕێبەرانی کۆمەڵە کوردییەکان لە سەر ڕوونکردنەوەکەی پۆزەتیڤ بووە، وەلێکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی فەیسەڵ بەراوەژوو بوو لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی کۆکس دەربارەی بارودۆخی کوردەکان، لە وەختێکدا زۆربەی کوردان دژایەتی خۆیان دەربڕی بۆ هەژموونی عەرەبی.**

**کۆکس قیرسچمەو سوور بوو لەسەر ڕاکەی لەبارەی سەرکەوتنی نەخشە تازەکەی بەریتانیا، مەرجداریش نەکرابوو بە هیچ مەرجێك جگە لە ڕای گشتی عەرەب، بە بڕوای کۆکس کوردەکان بە بەراوەژووی حاڵی عەرەبەکان هەستی نەتەوەیی یاخود سیقەی سیاسییان نەبوو، وە دەستەپاچەبوونی لە بەدەسهێنانی سووکە پشتگیرییەك لە لایەن پیاوماقووڵانی کوردەوە لە پێناو ئەو ئەگەرەی لە گۆڕێدا بوو، کۆکس بەدەستی ئەنقەست هەستا بە دوور خستنەوەی ئەو کەسانەی کە پێوەندیداربوون بە ئایندەیانەوە بە پێچەوانەی مامەڵەکردنی لەگەڵ عەرەباندا، لەبری دانوستان کردن لەگەڵ کوردان کە ئایندەیان پێشنیارکرابوو، کۆکس لەگەڵ ئەنجومەنی دەوڵەتی عەرەبیدا لە بەغدا تاوتوێی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی دەکرد، ئیدی بەمەشەوە نەوەستا بەدواداچوونی وەئەنجام گەیاند دەربارەی هەڵوێستە جیاوازەکانی فەیسەڵو هەڵوێستی چەرچڵ، هەمیسان پێداگری تەواوی کرد لە سەر ئاسۆی لکاندنی کوردستانی باشوور بە میرنشینی عەرەبییەوە (١٨)، لە هەنگاوێکدا ڕۆشنایی خستە سەر نەخشەسازییەکی کۆکس لە پێناو دانانی هەر جۆرە قورساییەکی سیاسی کە لەنێو حکومەتی عەرەبیدا بوونی هەبێ لە پێناو چەسپاندنی**

---

**(١٨) لە میسۆپۆتامیاوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆڵۆنیالیەکان، ١٩٢١/٩/٢٠، وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ٥/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

هەڵوێستەکەی لە پێناو بەرەنگار بوونەوەی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان، کۆکس پێشتر هەنگاوێکی گرنگی نا وەختێ هەستا بە پاککردنەوەی دامودەزگاکانی بەریتانیا لەو فەرمانبەرانەی کە بیرۆکەی سەربەخۆخوازییان لە مەژگدا بوو ، ئەم پاکسازییە مێجەر سۆنیشی گرتەوە، سۆن ئەفسەری سیاسی بوو لە سلێمانی، دواتریش بووە یەکێك لە ئالأهەڵگرانی سەربەخۆبوونی کوردستانی باشوور لە ڕووی سیاسییەوە، وێڕای ئەوەی ڕاستەوخۆ دوای کۆنگرەی قاهیرە جێیەکەی پڕکرایەوەو گۆڕا بە گۆڵد سمیث، سۆن بە بەردەوامی زانیاری ڕادەستی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان دەخست لەسەر هەڵوێستی کوردان دەربارەی دەستەلأتی عەرەبی بە بەراوەژووی ئەو وێنانەی کۆکس نیشانی دابوون، ئیدی بەم شێوەیە کۆکس سەرکەوتنی بەدەسهێنا لە بوونی پشتگیرییەکی بەکۆمەڵ لەنێو دەستەو پێوەندەکانیدا لەسەر هەڵوێستی لە بارەی کاروباری کوردەکانەوە، لە ڕاستیدا کۆکس دژایەتی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی باشووری دەکرد، ئینجا کۆشا لە پێناو ئامادەکردنی ڕێکەوتنێکی موتڵەق لە نێوان پسپۆڕانی کاروباری کوردان لەسەر ئەوەی دەبێ کوردستانی باشوور بە سلێمانییەوە لە ڕووی دارایی و سیاسییەوە بەشێك بێ لە عێراق (١٩).

---

(١٩) لە کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیاوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆڵۆنیالییەکان، ١٩٢١/٦/٥، وە ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، ژمارە:١٣، ١٩٢١/٥/١٥، وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

ویڵسن بە نەخشەکەی کۆکسی زانی کە دەبووە هۆی تارومارکردنی کوردستانی باشوور لە ڕووی سیاسیو ئیدارییەوە، کۆکس سوور بوو لەسەر تەماشانەکردنی نێوچە کوردییەکان بەو پێیەی خاکێکە هەستی پێدەکرێ گەرچی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدایەو، پارێزگاریکردن لە سلێمانی بە شێوەی سەربەخۆ بوونی زاتی لە دەرێی عێراق، بە بۆچوونی کۆکس ئەمە هاندانی نێوچەکانی دیکە بوو بە هەمان جۆری مامەڵەکردن، ئیدی ئەمەش سەری دەکێشا بۆ وێران بوونی سەرپاکی ئەو نەخشەیەی لە گۆڕێدا بوو بۆ تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی دەوڵەتی عێراقیدا، کۆکس تۆقی بوو لەوەی لەنێو کوردەکاندا سیمبولێکی نەتەوەخوازو قەڵایەکی نەتەوەیی هەڵبکەوێ لە بەغدایان هەڵگەڕێنێتەوە، ئەمەش گریمانەیەك بوو کە ڕووبەڕووی کۆکس دەبۆوە، لە پاییزی ١٩٢٢دا شێخ مەحمود پێشنیاری دامەزراندنی دووەم حکومەتی کرد (وەك ئەوەی لەدواییدا دەیبینن) (٢٠)، کۆکس هەستا بەجێبەجێ کردنی خواستەکەی بۆ بەپاشکۆ کردنی سلێمانی لەهەمبەر دەستەڵاتی عەرەبیدا، وێڕای بەرهەڵستی تەواوی دانیشتوانەکەی، بەلای چەرچڵەوە، لە ڕێگەی بەدیارخستنی ئەو مەترسیانەی دێنە ئاراوە لەهەمبەر سەربەخۆبوونی هەر سلێمانییەکی دیکەدا بە نیسبەت میسۆپۆتامیاوە:

---

(٢) شێخ مەحمود لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩١٨ دا بووە سەرۆکی هەوەڵ حکومەتی سەربەخۆی کورد بەسەرپەرشتی بەریتانیا، دوای ئەو بەرگرییە توندەی کردی دژ بە فەرزکردنی ڕاستەوخۆی دەستەڵاتی بەریتانیا، دواتر لەساڵی ١٩١٩ دا لەلایەن دەستەڵاتدارانی بەریتانیاوە حکومەتەکەی ڕووخێنراو دوورخرایەوە بۆ بەغدا.

لێتان وەدیار دەکەویٚ ئەم وێنەیە فاسید دەبیٚ ئەگەر بێتو سلێمانی جیابکرێتەوە، دەکریٚ بەربەستی گومرکی ببێتە سەرچاوەیەکی بەردەوامی کێشەکان، ڕێگەدان بە سەربەخۆ بوونی سلێمانیو بەسرەو کۆمەڵەکانی دیکەی (وەك کۆمەڵەکانی تورکمان، جولەکەو مەسیحییەکان) پەڵپ دەگرنو ئەو ڕێیە دەگرنەبەر (٢١).

بۆ دڵنیاکردنی چەرچڵ بە سەرکەوتنی ئەگەری لکاندن، کۆکس بەباشیزانی بەریتانییەکان بە فەرمی سلێمانی دڵنیا بکەنەوە بە دامەزراندنی ئیدارەیەکی بەریتانی، کوردی بە شەریکی بۆ ماوەی سیٚ ساڵان، بەمەرجیٚ هەڵوێستەکانیان وەگۆڕن لە ڕەتکردنەوەی دەستەلأتی عێراقی (٢٢).

وەختیٚ کۆکس وەئاگاهێنرایەوە لەسەر حەقیقەتی ڕێنەکەتن لە هەمبەر ئایندەی کوردستانی باشوور لەگەڵ ئەو خەتە گشتییەی کۆنگرە کێشابووی، بڕیاریدا بە حەزەرەوە بگەڕێتەوە بۆ نێو بڕیارەکانی کۆنگرەو گوتی وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان پشتگیری ئەگەری لکاندن دەکات (٢٣)، سەرباری ئەوەی بەشدارانی کۆنگرە بۆیان وەدیارکەوت کە تای ترازووەکە بەلای جیاکردنەوەدایە، وە ڕاسپاردەکانی کۆنگرە بەرپێوار نییەو قابیلی هیچ ڕاڤەیەکی خراو نییە، لە لایەکەوە دەوڵەتی عەرەبی پێکدەهێنریٚ لە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە لە ژێر سایەی دەستەلأتی هاشمییەکان، لە

(٢١) لە کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیاوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢١/٦/٥ وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٢٢) هەمان سەرچاوە.

(٢٣) لە کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیاوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢١/٦/٢١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٤٦/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

**لایەکی دیکەشەوە هەر بەو پێیە کوردستانی باشوور جیابکرێتەوە، ئەم جیاکردنەوەیەش کیانێکی جیاکەرەوە پێکبهێنێ بۆ پاراستنی عێراق لە تورکیای کەمالی، قورسە گەر وا بڕوانینە کۆکس کەوتبێتە هەڵە لە شرۆڤەکردنی ڕاسپاردەکانی قاهیرەدا، دوای ئەوەی بە شەخسی داوای جێبەجێکردنی نەخشەکەی بەریتانیای کرد لە عەرزی واقیعدا، دانیشتنەکانی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان لە هەردوو ڕۆژی ٢١،٢٠ی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٢٣ کە یۆنگ ئامادەی کردبوو ئاشکرا بوو کە کۆکس بەدەستی ئەنقەست تاروماری ڕاسپاردەکانی قاهیرەی کرد کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی کردبوو (٢٤)، وە هەوڵە دواییەکانی کۆکس بە ڕوونی ئاماژێ بەوە دەدەن کە سوور بووە لەسەر ڕێخۆشکردن بۆ تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە عێراقدا بێئەوەی خواستەکانی کورد بە هەند وەربگرێ، لە ڕاستیدا کۆکس هەر سوور بوو دوای ئەوەی پێی ڕاگەیاندرا کە پرۆپۆزەڵەکانی لەگەڵ ڕاکانی وەزارەتی کۆڵۆنیالیەکاندا یەکناگرێتەوە لەبارەی بارودۆخی کوردەکانەوە، ئیدی هەستا بە پێشکەش کردنی نەخشەیەکی دیکەی گرێ گرێی ئاڵۆزکاو دەربارەی ئایندەی کوردستانی باشوور: جەوهەری نەخشەکە پەرت پەرت کردنی کوردستان بوو لە ڕووی ئیداریو سیاسییەوە تاکو ڕێگە خۆشکەر بێ بۆ ملکەچکردنی لە ژێر سایەی هەژموونی عەرەبیدا، لە وەختێکدا ئەو نێوچە کوردییانەی کەوتبوە باکووری ڕووباری زاب (نێوچە کوردیەکانی ئامێدی، دهۆك، ئاکرێ، زاخۆو سنجار) ئەم پێنج نێوچەیە بەکاتیی وەك خۆیان دەمێننەوە لەنێو عێراقدا، دواتریش چاو بە داهاتوویاندا دەگێڕدرێتەوە، بە پلەی یەکەم، وە ئەو نێوچانەی نیوە شاخن لەنێو زابدا بە هەولێریشەوە وەك خۆیان سەر بەعێراقن، دووەم. نێوچە شاخاویەکانی نێوان ئەو دوو ڕووبارە وەك**

ڕەواندوزو ڕانیە سەربە عێراقن، سێیەمیش ئیحتومالی یەکگرتنی ئەم نێوچانە لەگەڵ شاری سلێمانیدا بە دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ لە دەرێی عێراقدا واریدەو دەچنەوە ژێر دەستەڵاتی کۆکس، چوارەمو کۆتایی دەکرێ بە مۆقەت باقی نێوچە کوردییەکانی دیکە وەك خۆیان وەمێنن بە عێراقەوە کەلە توانایدا بێ بلکێ بەو هەرێمە کوردییەوە دوای سێ ساڵان (٢٥).

ڕاسپاردەکانی قاهیرە بەڵگەبوون بە نیسبەت سیاسەتی بەریتانیا لە هەمبەر کوردستانی باشوور، بە پێی ڕاگەیاندنەکانی چەرچڵ لە ئەنجومەنی نوێنەراندا House of Commons، ڕۆشنیایان خستبوە سەر ئایندەی پێوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ کوردستانی باشوورو عێراقدا، چەرچڵ جەختیکردەوە کە کۆکس بەردەوام دەبێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستانی باشوور بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەوپێیەی کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیایە، کۆکس وەزیفەیەکی دوو لایەنەی دەبینی لە هەمبەر کوردستانی باشوورو عێراقدا (٢٦)،

---

(٢٥) لە کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیاوە، هەمان سەرچاوە.

(٢٦) Robert Rhodes James, Winston S Churchill, His complete Speches 1897-1963

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سیاسەتی حکومەت، ١٩٢١/٦/١٤، ئەنجومەنی نوێنەران، ڕۆبەرت ڕۆدس جیمس، وینستۆن چەرچڵ، تەواوی وتارەکە، ١٨٩٧-١٩٦٣، جزمی: ٣، ١٩١٤-١٩٢٢ (لەندەن ١٧٩)و نیۆیۆرك: بڵاوکراوەکانی خانەی تشڵسی، ١٩٧٤)، لا: ٣١٠٤-٣١٠٥.

**چەرچڵ گەشبین بوو بەو ئیحتومالەی کوردەکان ڕەزامەندی دەربڕن لەبارەی سەرپەرشتی کردنو هاتنە ناوەوەی بەریتانیا لە ئایندەدا لەسەر یەکگرتنی لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا، لەم حاڵەدا وشەی یەکگرتن یاخود یەکێتی شێوازێکە لە شێوازەکانی پێوەندی کۆنفیدراڵی لە نێوان کوردستانی باشوورو عێراقدا، ئیدی ئەمەش پێویستی دەکرد تێکەڵ بە چەمکەکانی دیکەی لکاندنو دەوڵەتی یەکگرتوو نەکرێ:**

**دەمهەوێ بە ئاشکراو بە ڕوونی پێتان بێژم هەڵدەستین بە گەشەپێدانی مەبدەئی دەستەلاتی نێوخۆیی کوردستانی باشوور لەنێو چوارچێوەی گشتی میسۆپۆتامیادا، لەهەمان کاتدا کاردەکەین لەپێناو گەشەپێدانی ئۆتۆنۆمییەکی گشتی لە میسۆپۆتامیادا (٢٧).**

**بەواتایەکی دیکە دوو کیانی جیاوازو یەکگرتوو لە ڕووی سیاسییەوە پێکدەهێنرێن لە سەر ئاستی بەرژەوەندییە ئابوریو ستراتیژییەکان، وەلێکان سەربەخۆ لە ڕووی سیاسیو ئیدارییەوە، چەرچڵ لە گووتارو پێوەندیەکانیدا هەوڵیدەدا لە بەرامبەر کوردستانی باشووردا چەمکی ((وڵات)) بەکار بهێنێ بەو پێیەی کیانێکی سەربەخۆیە، خوازیار بوو کوردان بۆ خۆیان لە ڕووەکانی سیاسیو ئابوورییەوە خۆیان بەڕێوەبەرن، وە پۆلیسی ناوخۆو بەرگری ڕادەستی خۆیان بخرێت، دوور لە دەستەلاتی فەیسەڵو، بەهەند وەرگرتنو جێبەجێکردنی پێشنیارو پشتگیرییەکانی بەریتانیا، دوا بە دوای کەمتر لە چوار سالأن لە گوتارێکیدا لە ئەنجومەنی نوێنەران** House of Commons

---

**(٢٧) هەمان سەرچاوە.**

چەرچڵ جەختی لە کۆکس کردەوە ئەم ئامانجە ناکاتە مانەوەی کوردستانی باشوور جیاواز لە دەوڵەتانی عەرەبی بە هەمان شێوەی تایبەتمەندییەکانی نیپاڵ لەنێو هیندستاندا (٢٨).

چەرچڵ لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٢٢دا لەسەرکار لابرا وەك وەزیری کۆڵۆنیالییەکان لەو وەختەی حکومەتە کاتییەکەی لۆید جۆرج شکستی هێنا، چەرچڵ هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لەندەن نابێ ئیجباری کوردانی باشوور بکا بچنە نێو دەوڵەتی عێراقییەوە، لەهەمان کاتدا چەرچڵ ڕەزامەندی خۆی دەرنەدەبڕی بۆ پرۆژەکانی کۆکس دەربارەی لکاندنی جوزئی یاخود مۆقەتی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە، بە شێوەیەکی ڕوونو ڕاشکاوانە دەستبەرداری ڕاسپاردەکەی نەدەبوو لەهەمبەر تایبەتمەندییە سیاسیو ئابوورییەکانی نێوان کوردستانی باشوورو عێراق (٢٩)، دەبوو کوردستان لە ژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کۆمیسێری باڵای بەریتانی بایە، وە عێراقیش ملکەچی دەستەڵاتی عەرەبی بایە (٣٠)، ئیدی چەرچڵ گومانی لە پرۆژەکەی کۆکس بوو لە گشت ڕووەکانەوە ستراتیژی، سیاسیو ئابووری،

---

(٢٩) کۆنووسی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ژمارە: ٣١٥٥٨، ١٣٢١/٦/٢٣، وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٣٠) لە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆڵۆنیالییەکانەوە بۆ کۆمیسێری باڵا لە میسۆپۆتامیا، ١٩٢١/٥/٢٥، وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان، ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

**چەرچڵ لە ڕووی دابەشکردنی ڕەگەزییەوە ڕێبازێکی گرتەبەر بۆ بەکارهێنانی وەك بەڵگەیەك لە سەر ئاتاجی ئەگەری جیابوونەوە بەرەو سیفەتی پڕاکتیکی، هەمیسان چەرچڵ بە هاوکاری نۆئێل، سۆن و یۆنگ لەتوانایدا بوو نەخشەی سنووری کوردستانی باشوور و میسۆپۆتامیای عەرەبی بکێشێ و بیچەسپێنێ بە بێ بوونی هیچ لەمپەرێك لەبەردەم ئەم کارەدا، سەرباری ئەم کارە، چەرچڵ گشت ئەو نێوچانەی کە کۆکس ڕایوابوو کوردی نییە وەکو، کەرکوك، کفری و هەولێر بەپێی نەخشەکەی خستیە سەر کیانە کوردییە جیاکەرەوەکە، چەرچڵ دوای ڕاسپاردەکانی مێجەر سۆن و کاپتن لۆنگریگ ڕایگەیاند لەو وەختەی نەخشەی سنووری کوردستانی باشووری دەکێشا لە ڕووی ڕەگەزییەوە (٣١)، ئیدی هۆکاری ڕەگەزی پێگەیەکی سەنترالیزەی لە پرۆژە ستراتیژییەکەی چەرچڵ داگیر دەکرد، ئەمەش پێوەست بوو بە ڕادەی ئیمانی بە دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردیی لە پێناو نەهێشتنی هەڕەشەوگوڕەشەکانی کەمالییەکان، بە بۆچوونی کۆکس جیاکاری ڕەگەزیی کارێکی وای بەسەر عێراقدا دێنا سنورێکی دانەمەزراوی ستراتیژی هەبێ و لە توانایدا نەبێ پارێزگاری لە خۆی بکات (٣٢)، بەمشێوەیە بەهاکەی دەدۆڕێنێ چونکە کوردستانی باشوورو عێراق لە ژێر منداتی بەریتانیدا وەك خۆیان دەمێننەوە.**

---

**(٣١) لە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکانەوە بۆ کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیا، ١٩٢١/٥/٢٥، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٣٢) لە کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیاوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، بەرگی یەکەم: ٦/٢٤، بەرگی دووەم: ١٩٢١/٧/٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٤٦/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**لە تشرینی یەكەم/ ئۆكتۆبەری ١٩٢١ هیوبێرت یۆنگ گەیشتە بەغدا بۆ حاڵیبوون لە فەیسەڵ لەبارەی ڕاوبۆچوونەكانی وەزارەتی كۆڵۆنیالییەكان دەربارەی مەسەلەی ئایندەی كوردستانی باشوور، هەوەڵجار ڕوونیكردەوە كە سیاسەتی بەریتانیا لەسەر ئەوە بنیاتنراوە هانی ئیمپریالیزمی عەرەبی نەدا ئەگەر هاتوو بەشێوەیەك لە شێوەكان دەستەڵاتی عەرەبی بەزۆر خۆی فەرزبكا بەسەر ئەو كوردانەی ڕەتی ئەو دەستەڵاتە دەكەنەوە، یۆنگ تاوتوێی ئەم مەسەلەیەی كردو گووتی ئەگەر هاتوو بەریتانیا پشتگیری خواستەكانی عەرەبی كرد و كوردستانی باشووری خزاندە نێو عێراقەوە سەرەڕای بەڕێوەبردنی دانیشتوانەكەی ئەو وەختە كەمالییەكان پەرچەكرداری كوردان دەقۆزنەوەو ڕامیان دەكەن، وە ئەگەر بەریتانیا ڕاستەوخۆ كوردستانی باشوور بكاتە داگیرگەیەكی بەریتانی ئەوا كەمالییەكان پەنادەبەنە بەر درۆشمی یەكێتییەكی ئیسلامیو كوردانی باشوور كۆدەكەنەوە لە دژی بەریتانیا، ئیدی لە هەردوو حاڵەتەكەدا بەرژەوەندییەكانی بەریتانیاو عێراق ڕووبەڕووی مەترسیگەلێكی جیددی دەبنەوە، یۆنگ چارەسەرو ئەگەری سێیەمی خستە بەردەستان تاوەكو ئەو دوو ئیحتومالەی پێشوو جێبەجێ نەكرێن، ئەم ئەگەرەش برێتی بوو لە چەسپاندنی بیروباوەڕی نەتەوەیی كوردیی لە ڕێگەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردی بە سەرپەرشتی بەریتانیا، یۆنگ ئاماژێی بەوە كرد كە ئەگەر هاتوو كوردستانی باشوور دامەزرا ئەو وەختە لە ڕووی ستراتیژییەوە دەبێتە قەڵغانێكی بەقەوەت بۆ پاراستنی میسۆپۆتامیای باكوور، لە هەمان كاتدا لەگەڵ جێگیركردنی كوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە تاوەكو بتوانێ سوود لە بەكارهێنانی عێراق بكاتو بیكاتە پردێك بۆ دەریا و بازاڕەكان (٣٣). ئیدی لە**

---

**(٣٣) لە كۆكسەوە بۆ چەرچڵ، ١٩٢١/١٠/٢٥، وەزارەتی كۆڵۆنیالییەكان ٦/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەكان.**

بەرژەوەندی عێراقدا بوو کوردستانی باشوور سەربەخۆبێت، پرۆژەکەی چەرچڵ کە چەسپاندنی بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردی لە خۆگرتبوو لە ڕەگوڕیشەوە بەراوەژووی پرۆژەکەی کۆکس بوو کە برێتی بوو لە پشتگیری کردنی خواستگەلەکانی هەرێمەکانی عەرەب بەو سیفەتەی ڕێگەیەکی نمونەییە بۆ قایمکردنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیاداو دەورەدانی گریمانەی هەڕەشەوگوڕەشە دەرەکییەکان.

هەرچی تایبەت بوو بە ڕەهەندی ئابورییەوە کۆکس پێیوابوو لکاندنی کوردستانی باشوور فرە پێویستە، لەو پێشنیارەی چەرچڵ پێشکەشی کرد سەربەخۆیی سیاسیو ئابووری دەستی عەرەبو کوردانی باشووری نەدەگرت بۆ بۆ پێکهێنانی ئابوورییەکی دامەزراو سەرەڕای ئەوەی هەردوو لا خاوەن بەرژەوەندی ستراتیژی هاوشێوەی یەکدی بوون، بە بەراوەژووی کۆکسەوە کە وایدەبینی ئەگەری جیاکردنەوە زەرەر لە هەژموونی بەریتانیا دەدا لە عێراقدا وە عەرەبەکان بە بوونی کوردستانی سەربەخۆی باشوور نیگەران دەبن، وەلێکان چەرچڵ پێیوابوو تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی عێراقدا دەبێتە هۆی زێدەڕۆیی لە بەقەوەت کردنی عەرەبدا، هەمیسان سەربەخۆبوونی کوردستانی باشوور، بەڕای چەرچڵ، بزوتنەوەیەکی سیاسی سوودبەخش دەبوو، ئەگەر بەریتانیا خوازیاری پاراستنیەتی لەو چنگە بەهێزەی عێراق، لەبەر سەرپاکی ئەم هۆکارە ستراتیژی و سیاسییانە، چەرچڵ هەر سوورو سوورزان بوو لەسەر پێویستی ڕێگەنەدان بە هەر قورساییەکی سیاسی لە لایەن عەرەبەوە یاخود هەر هێزێکی دیکە لە پێناو سەرگرتنی نەخشەکەی بەریتانیا بۆ دامەزراندنو جیاکردنەوەی کوردستانی باشوور(٣٤).

(٣٤) لە وەزیری دەوڵەت بۆکاروباری کۆڵۆنیالییەکانەوە بۆ کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیا، ١٩٢١/٦/١٣، وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

**هەڵوێستی چەرچڵ لەمەڕ کاروباری کوردستانی باشوور جیاکردنەوەی بوو لە عێراقی عەرەبی لە ڕووی سیاسیو ئیدارییەوە پێش ئەوەی فەیسەڵ بگاتە بەغدا، لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی پێوەندییەکانی هەردوو وڵات لەلایەن فەرمانبەرانی بەریتانیاوە، بە بۆچوونی چەرچڵ ئەم نەخشەیە زامنی مانەوەی بەریتانیای دەکرد لە پێناو نەهێشتنی دەستێوەردانی لە کاروباری کوردستاندا (٣٥)، سەرەڕای ئەوەی هاتنی فەیسەڵو مەسەلەی دانیشتنی لەسەر عەرشی عێراق دەبووە هۆی ناسەقامگیریو گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، هەمیسان دەبووە هۆی هەڵپەساردنی ئەو بیرو بۆچوونانەی تاوتوێ دەکران لە بارەی ئایندەی سیاسی کوردستانی باشوور لە نێوان وەزارەتی کۆلۆنیالییەکانو دەستەڵاتدارانی بەریتانیاو میسۆپۆتامیادا، وە نەهێشتنی مەترسیەکانی مەسەلەی کورد تاوەکو نەبێتە لەمپەڕو بەربەست بۆ دانانی فەیسەڵ بە پاشای عێراق، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان پێشنیاری کرد بە دواخستنی نەك بەتەنێ دیاریکردنی سنووری ڕەگەزیی لە نێوان کوردستانی باشوورو میسۆپۆتامیای عەرەبیدا، بەڵکو بە دواخستنی ئایندەی سیاسی کوردستانی باشوور (٣٦)، سەرباری ئەمەش، چەرچڵ لەکاتی خۆیدا گشت پرۆژەکانی کۆکسی ڕەتکردەوە بە پرۆژەی لکاندنیشەوە، وەلێکان بەدەستی ئەنقەست هەستا بە نەرمی نواندنێك، پشتگیریو ئامادەیی خۆی دەربڕی لەبەشداری پێکردنی کوردانی باشوور لەو ڕاپرسییە نێزیکەی ئەنجام دەدرا بۆ کاندیدکردن و هەڵبژاردنی فەیسەڵ بە پاشای عێراق، وەلێکان چەرچڵ**

---

(٣٥) لە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکانەوە بۆ کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیا، ١٩٢١/٦/٩، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان ٢/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٣٦) کۆنووسی وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان، هەمان سەرچاوە.

**هیچ دڕدۆنگ نەبوو لە دووبارە جەختکردنەوە لەسەر مەبدەئى دامەزراونەکردنى عەرەب بۆ سەرەوکارى کردنى کوردان (٣٧)، وە گەرەکە بەو دوو لایەنە ڕابگەیەنرێ کە ئازادن لە بەشداریکردن لەو ڕاپرسییەدا، وەزارەتى کۆلۆنیالییەکان پاڵپشتى خۆى دەربڕى کە کوردان نەخاتە ژێر دەستەڵاتى عەرەب لەلایەكو، لەلایەکى دیکەشەوە بەشدارى نەکردنى کوردان لەو ڕاپرسییەدا، ئەمەش جیاوازییەکى ئاشکراو قووڵى هێنایە پێشەوە، چەرچڵ خوازیاربوو ئەو ڕاپرسییە بێتە مایەى وەدیارکەوتنى هەڵوێستەکانى کورد لەمەڕ هەریەك لە فەیسەڵو دەستەڵاتە عەرەبییەکە.**

**بەڕاى کۆکس بەشداریکردنى کوردان لەو ڕاپرسییەدا هەلێکى نموونەییە بۆ کوردستانى باشوور داخوا دەنگ دەدەن بە پرۆژەکەى بۆ لکاندنى بە عێراقەوە، ئیدى ئەمەش بەرەو ئەوە دەچوو کە ئایندەى ئەو هەرێمە تا ئەبەد یەکلا بکاتەوە، کۆکسو فەیسەڵ سوورزانو بە هیوابوون لە تواناکانیان بۆ قەناعەت پێهێنانى کوردەکان تاوەکو دەنگ بدەن لە بەرژەوەندى چوونە نێو عێراقو تواندنەوە تێیدا، بەڕاى ڕەفیق حیلمى پرۆسەى هەڵبژاردنى فەیسەڵ هەوڵێکى بەریتانى بوو بۆ چارەسەر کردنى مەسەلەى کورد لە پێناو ملکەچکردنى کوردستانى باشوور بوو بۆ دەستەڵاتى عەرەبى(٣٨).**

---

**(٣٧) لە چەرچڵەوە بۆ کۆکس، ١٩٢١/٧/٩ لە مارتن گلبەرت، ونستون اس چەرچڵ، بەرگى:٤، بەڵگەى بەش:٣، بەڵگەنامەکان، نیسان/ ئیبریلى ١٩٢١، تشرینى دووەم/ نۆڤەمبەرى ١٩٢٢(لەندەن:١٩٧٧) لا:١٥٤٨.**

**(٣٨) یاداشتەکانى ڕەفیق حیلمى( Yadashtakanیاداشتەکان) بەرگى:٢ (بەغدا: ١٩٨٨)، لا ٣٤٥-٣٤٦. ڕەفیق حیلمى نیشتیمانپەروەرێکى میانڕەوى کوردیى بوو، ماوەیەك وەرگێڕ بووە لاى فەرمانبەرانى بەریتانیا لە کوردستانى باشوور.**

سەرەڕای گشت هەوڵەکانی کۆکس و دەستوپێوەندەکانی لە نێوچە کوردییەکان، زۆربەی هەرە زۆری کوردانی باشوور سوور بوون لەسەر ڕەتکردنەوەی دەنگدان بە فەیسەڵ تاوەکو ببێتە پاشاو عێراقیش ببێتە دەوڵەتی وان و، شکست خواردنی کۆکس بۆ قەناعەتهێنان بە کوردستانی باشوور بۆ چوونە نێو عێراقەوە، ئیدی دووبارە ئەگەری جیابوونەوە هاتەوە گۆڕێ، هێشتا ڕاپرسییەکە وە کۆتا نەگەیشتبوو بەپەلە وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان ڕاستەوخۆ دەستی وەردا لە سیاسەتی کوردیی، بڕیاریدا بە هاوکاریکردنی نەتەوەیییەکانی کورد بەدامەزراندنی دووەم حکومەتی کوردی، سەرەڕای ناڕەزایییەکانی کۆکس، لە ئاکامدا هاوکاری شێخ مەحمود کرا بە گەڕانەوەی لە مەنفاوە (هیندستان) بۆ کوردستان، لە عانی گەڕانەوەی مەحمود بۆ کوردستان مێجەر نۆئێل هاوەڵیکرد کە چەرچڵ ڕایسپاردبوو بۆ ئاسانکردنی پێشهاتە تازەکان.

مەحمود لە لایەکەوە سەرۆکی بەرزنجیان بوو لە لایەکی دیکەشەوە پێشەوای سۆفییانی قادری بوو لە نێوچەی سلێمانی، بابی شێخ سەعید لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە سەروەت و سامانێکی زۆری وەك دیاری پێبەخشرا ئەمەش دانپیانانی سوڵتان بوو بۆ گرنگی شێخ، ئیدی ئەمە یارمەتی بەرزنجیانیدا بۆ پتر وەدیارکەوتن لە ڕووی ماددی و ڕۆحییەوە بەو پێیەی خانەوادەیەکی بالاّدەست بوون لە کوردستانی باشوور، لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای داگیرکردنی میسۆپۆتامیا لە لایەن بەریتانیاوە، مەحمود پێشنیاری کرد بە پێکهێنانی ئیدارەیەکی کوردیی بە سەرپەرشتی بەریتانیا لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩١٨و حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩١٩، وەلێکان جیاوازییەکی زۆر هاتە گۆڕێ لە نێوان حکومەتی کوردستان و دەستەلاّتدارانی بەریتانیا لە بارەی فراوانخوازی کیانە سەربەخۆکەو دەرفەتی چاکسازییەکانی

**مەحمود بووە هۆی دروست بوونی زنجیرەیەك ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازی لە نێوان هەردوو لادا، لە کۆتاییدا، بەریتانیەکان سەرکەوتنیان بەدەسهێناو شکستیان هێنا بە هێزە کوردییەکان، ئیدی بووە هۆی سنووردانان بۆ ئیدارە کوردییەکە، وێڕای دووبارە نەفیکردنەوەی شێخ مەحمود.**

* * *

**هیچکام لە لە بڕگەکانی پەیماننامەی سیڤەرو چەسپاندنی نەخشەکەی بەریتانیا سەرکەوتنیان بەدەسنەهێنا لە چەسپاندنی سەقامگیری سیاسی لە کوردستانی باشوور، نێوچەکانی ڕەواندوز، سلێمانی، بارزانو بە تایبەت ئاکرێی شاخاوی پشێویو نائارامییەکی پتری بەخۆوە دی، دەستەلاّتدارانی بەریتانیاش سەرقاڵی هێرشی زەمینیو ئاسمانی بوون بۆ لە نێوبردنو کوژاندنەوەی ڕاپەڕینو بزووتنەوە یاخییە نێوخۆییەکانی نێو ڕیزەکانی کوردانی بارزان، سورچی، زێبارو خۆشناو (٣٩)، تورکە ناسیۆنالیستەکانیش بە رابەرایەتی موستەفا کەمال لە پشتی گەلەك لەو پشێویو نائارامییەوە بوون لە پێناو دووبارە گێڕانەوەی هەرێمەکانی کۆنی عوسمانی، ئیدی چەكو تڕوتفاقی سەربازیو ئەفسەرانیان خستە خزمەتی یاخیبوانی کوردەوەو هاسانکارییان بۆ کردن لە پێناو دامەزراندنو ڕێکخستنی کۆمەڵگەلێکی سیاسی تاوەکو هەستن بە بانگەشەو پڕۆپاگەندە دژ بە بەریتانیا لە کوردستانی باشوورو عێراقی عەرەبیدا، لە هەمان کاتدا، بزووتنەوەیەکی سیاسی فراوان لە سلێمانی هاتە پێکهاتنو، بە خێرایی نێوچە کوردییەکانی هەڵەبجە، کفریو کەرکوکی گرتەوە، ئەم بزووتنەوە سیاسییە داوای لە بەریتانیەکان کرد لە شێخ مەحمود خۆشبنو بیگێڕنەوە بۆ**

---

**(٣٩) ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، ژمارە: ١٦، ١٩٢١/٧/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٥٢/٣٧١، وە ژمارە: ٢٠، ١٩٢١/٩/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٥٣/٣٧١، وە ژمارە: ٩، ١٩٢٢/٥/١، وە ژمارە: ١١، ١٩٢٢/٦/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**کوردستان (٤٠)، لەهەمان کاتیشدا بازێ لە شوێنکەوتوانی شێخ مەحمود خەریکی چالاکی سەربازی بوون دژی بەریتانییەکان، گەلەك کەسایەتی هاوچەرخی کورد وەك ڕەفیق حیلمی دەربارەی بارودۆخی بەریتانیا لە کوردستانی باشوور دواونو ئەو قۆناغەیان بە خراپترین قۆناغ زانیوە بە بەراوەژووی ڕاپۆرتەکانی دەستەلاّتدارانی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیادا (٤١)، ئەو ڕاپۆرتانەش ئاماژێیان دەدا بە بە گۆڕانکاری کردن لە نەخشەکەی بەریتانیاداو چارەنووسیان پێوە پێوەست کردبوو.**

**کۆکس سوور بوو لەسەر دەورەدانو قەلاّچۆکردنی پڕۆپاگەندەکانی کەمالییەکان کە لەنێو کورداندا ئەفراندبوویان چونکە حالّی بەریتانیایان شڕکردبوو (٤٢)، بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ نیگەرانیو بەرهەڵستییەکانی کوردان دژ بە بەریتانیا، نائارامیو پشێوییە سیاسیو شکاتەکانی تورکیا ئالّۆزی بە خۆوە دی لە عانی دامەزراندنی دەولّەتی عەرەبیدا لە هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە، پیاوماقولّێکی کورد لە عانی پێشکەش کردنی سکالاّکانیاندا لە پێناو گێڕاندنەوەی شێخ مەحمود بۆ کوردستانی باشوور بە یاریدەدەری بەڕێوبەری سیاسی چەمچەمالّی گوتبووی کە:**

---

**(٤٠) ڕاپۆرتی هەوالّگری میسۆپۆتامیا، ژمارە: ٢٣، ١٩٢١/٧٠/١٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٥٣/٣٧١و ژمارە ٨، ١٩٢٢/٤/١٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا٣٧١/ ٧٧٧١، خانەی گشتی بەلّگەنامەکان.**

**(٤١) یاداشتەکانی حیلمی، هەمان سەرچاوە.**

**(٤٢) لە کۆمیسێری بالاّی عێراقەوە بۆ وەزیری دەولّەت بۆ کاروباری کۆلّۆنیالییەکان، ١٩٢٢/٢/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨٠/٣٧١، خانەی گشتی بەلّگەنامەکان.**

سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا یەکبینە بەرەو مەترسی دەڕوات، بەریتانیەکانیش نکوڵی دەکەن لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد، وێڕای ئەوەی وان بەرپرسیارێتی دەخەنە ئەستۆی فەیسەڵو حکومەتی عێراق، هیچ جۆرە هەوڵێکیان نەدا لە پێناو شێخ مەحمودو کوردستانو، ئەگەر هاتوو ئیدارەی ئێچ بی ئێم جی HBMG ئامادەییان نیشان نەدا بۆ جێبەجێ کردنی خواستەکانمان ، ئەوا لەسەر کوردان پێویستە بە شێوەیەکی ئاشتییانە ڕۆڵی خۆیان بدینن، بە پێچەوانەشەوە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نییە جگە لە پشێوی نانەوە کە پرۆپاگەندەکانی تورکیا پتر ئاگرەکە خۆش دەکات (٤٣).

بە شێوەیەکی گشتی ناجێگیریە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور هەڵقولاوی مەترسی گەلێکی جیاواز جیاواز بوو وە بەراوەژووی خواستەکانی وان بوو، یەکەم، کوردان پێشبینی خراپیان دەکرد بۆ فەرزکردنی دەستەلاتی عەرەبی لە کوردستانی باشووردا، وە بۆ برینی ڕێگەی ئەو ئیحتومالە بەریتانیەکان زەمانەتی ئەوەیان کرد کە هیچ گۆڕانکارییەك نایەتە ئەنجامدان، واتە لەنێو واقیعی ئیدارەی بەریتانیادا، دووەم، کوردانێك هەبوون بەگومان بوون لە نیازپاکی بەریتانیا لە کوردستانی باشوور دەیانویست بەریتانیانو عەرەبان لە دەرێی ناوچەی واندا بن، وایان دەبینی هاوکاریکردنی کەمالییەکان بە تەنێ هۆیەك بوو بۆ گەیشتن بە ئامانج، لە کۆتاییدا وان دەستەلاتی تورکییان پێ باشتر بوو لە دەستەلاتی عەرەبی، بەبڕوای وان شەیتانی دۆستو ناسراو چاتر بوو لە شەیتانی نەناسراو، سێیەم، لە گشتیان گرنگتر، نەتەوەییەکانی کورد هیچ

(٤٣) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە، ١٢، ١٩٢٢/٦/١٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

**خواستێکیان نەبوو جگە لە ئیدارەیەکی سەربەخۆی کوردیی بە سەرپەرشتی یاخود بە بیٚ سەرپەرشتی بەریتانیا.**

**ئەوناسەقامگیرییە سیاسییە پتر دژواربوو، ویٚڕای وەدیارکەوتنی یاخیبوونێکی گشتی لە دژی بەریتانیا، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان لەو یاخیبوونە تۆقین، لەوکاتەشدا بەریتانیا دەیویست بە نێزیکترین وەخت واز لە پارێزگاری کردنی میسۆپۆتامیا بهێنیٚ، ئەوەی پتر بەریتانیەکانی تۆقاندبوو پشت ڕاستکردنەوەی نەخشەی کەمالییەکان  بوو بۆ تارومارکردنی پەیماننامەی سیڤەری تایبەت بە کوردستانو ئەرمینیا، دوای تۆمارکردنی سەرکەوتنانێکی گرنگ بەسەر ویٚنانیو ئەرمەنییەکاندا، کەمالییەکان لە توانایاندا بوو بە هەموو قەوەتێکەوە هەوڵەکانیان لە کوردستانی باشووردا چڕبکەنەوە، ئیدی بە چەكو تەقەمەنیو ترۆتفاقی سەربازییو ئەفسەران هاوکاری یاخیبووانی کوردیان دەکرد (٤٤)، ئەمەش وایکرد کەمالییەکان بە قووڵایی زێدەتر سنوور ببەزێنن، تائەو ئەندازەیەی ئەفسەرانی تورك لەگەڵ یاخیبووانی کوردا لە گەلەك دەڤەری گرنگی کوردیدا بینران وەك ڕەواندوزو، ڕانیەو کۆیسنجەق، سەرباری هەموو ئەمانەش وردە وردە کەمالییەکان کەوتنە بارودۆخێکی سیاسی بە هێزتر لە بەریتانیەکان لە سەر ئاستی ڕاکێشانی خۆشەویستی کوردانی باشوور، لەبەر دانپیٚدانانی پەیماننامەی نیشتیمانی بە سەربەخۆیی کوردستان، لە پەرلەمانی تورکیادا کەمالییەکان وابەست بوونیان دووپات کردەوە لە مەڕ بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە پیاوماقوڵانی میللەتی کورد چونکە لەگەڵ نەریٚتی نەتەوەییاندا**

**(٤٤) لە کۆمیسێری باڵای میسۆپۆتامیاوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢١/٨/٢٦، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٤٦/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**دەهاتەوە، ئیدی کوردان بۆ خۆیان حاکمێکی گشتیو جێگری حاکمی گشتیو پشکنەر هەڵبژێرن، هەروەها بە ئازادانە هەستن بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردیی بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات (٤٥).**

**سیاسەتی کەمالییەکان لە هەمبەر کوردان بەریتانیەکانی تۆقاندبوو بە هۆی کاریگەرییە سیاسییەکانی لە کوردستانی باشووردا، لۆید جۆرج لەم مەترسییە وە ئاگا هێنرایەوە، پێشتریش چەرچڵ بە پێویستی زانی هەر بڕیارێکی بەریتانیا لە هەمبەر کوردستانی باشوور دەبێ سوور بێ لەسەر وێستاندنی هەوڵی کەمالییەکان لە پێناو گومڕاکردنی کوردانی باشوورو ڕامکردنیان بۆ هاوکاریکردنی براکانیان لە باکوور لەگەڵ دەرکەوتنی جۆرێ لە لکاندن بە دەوڵەتی ئەنادۆڵەوە (٤٦)، ڕاپۆرتەکانی بەریتانیاش دەربارەی جوڵانەوەی کەمالییەکان پتر ئاماژێیان بە مەترسییەکان دەدا لە هەواڵە نەبیستراوەکان:**

**بارودۆخی کوردستان هەستیارە، تورکەکان تائەم حەلەش سوورن لەسەر هێرشکردنە سەر عێراق لە بەهاردا، لە پێناوی پەرتکردنی پێوەندی نێوان کوردو مە، ئێمە باش دەزانین کە تورکیا ئامادەیە بە بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی باکوور، هەمیسان دەزانین کوردەکان بۆ خۆیان هەنگاو دەنێن بۆ جۆرێك لە سەربەخۆبوون لە ژێر سایەو پارێزگاری هەر هێزێکدا (٤٧).**

---

**(٤٥) لە ڕەمبۆڵدەوە بۆ کێرزۆن، ١٩٢٢/٣/٢٩، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ٧٧٨١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٤٦) پەیامێك لە سەرۆك وەزیرانەوە بۆ بەڕێز چەرچڵ، ژمارە ١٩٣، ١٩٢١/٣/٢٢، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ٦٣٤٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٤٧) بەغدا، کورتە هەواڵەکان لە ماوەی کۆتایی ١٩٢١/١٢/٢١، وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان، ٨/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

لەم ڕوانگەیەوە، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان بۆ دووەمجار ئاگاداری کۆکسی کردەوە لەمەڕ زەرورەتی دڵنیاکردنی کوردانی باشوور کە لەندەن هەرگیز ملکەچیان ناکا بۆ دەستەڵاتی عەرەبی، ئیدی ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ مانەوەی ئیدارەی کوردستانی باشوورو دوورخستنەوەی لە چوونە ژێر کاریگەری بەرەو پێشچوونە سیاسییە خێراکانەوە کە بەڕێوەبوون لە میسۆپۆتامیای عەرەبییەوە، سەرباری ئەمەش دامەزراوە کوردییەکان ئیدارەیەکی کوردی نێوخۆییان پێکهێناو، بەهەمان شێوەش ئەنجومەنگەلێکیان پێکهێنا لە نێوچە کوردییەکانی کفری‌و کۆیسنجەق بۆ ڕایی کردنی ئیش‌وکارە نێوخۆییەکان (٤٨)، لە کانونی یەکەم/ دیسێمبەری ١٩٢١دا شاری سلێمانی پێشنیاری دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنەیان کرد کە هەڵیان بژاردبوو بە سەرۆکایەتی مێجەر گۆڵد سمیث‌و ئەندامێتی هەر چوار نوێنەرەکەی هەڵەبجە، شارباژێڕ، چەمچەماڵ‌و ڕانیە، ئەنجومەنەکە بەر پرسیار بوو لە بەڕێوەبردنی سەرپاکی کارە داراییەکان: ئابووری، فێرکردن و گشت کاروبارە نێوخۆییەکان (٤٩).

وێڕای ئەمە بەریتانییەکان پێویست بوو لەسەریان هەنگاوی پترو پێشنیاری دیکە وە ئەنجام بگەیەنن تاوەکو ئەو بارودۆخەی کوردستانی باشوور هەڵگێڕنەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، باوەڕیارانی شێخ مەحمود ڕازی نەبوون بە بەو سووکە گۆڕانکارییە ئیدارییەی کە لە سلێمانی وەئەنجام گەیەنرابوو، هەوڵەکانیان لە دوو شەڕگەدا چڕکردەوە، سیاسی‌و سەربازی، زۆر ئازاو چالاك

(٤٨) ڕاپۆرتی هەواڵگری میسۆپۆتامیا، ژمارە: ٢٣، ١٩٢١/١٠/١٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٦٣٥٣/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٤٩) جێگەی حەوانەوە، بەغدا، ١٩٢١/١٢/٧، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٨/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

بوون، هەوەڵجار هەستان بە پێکهێنانی بزوتنەوەیەکی سیاسی کتوپڕ، هەروەتر هەستان بە ڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی بانگەشەی فراوان بۆ گێڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ کوردستانی باشوور، هەمیسان پیاوماقوولأنی کورد لە شاری سلێمانی هەستان بە واژۆکردنی سێ سکالأنامەو داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان کرد (٥٠)، ئینجا سکالأنامەی دیکە لە کەرکوك‌و کفرییەوە واژۆکرا لەلایەن پیاوماقوولأنی کوردەوە ، سەرپاکی ئەو سکالأنامانە یەك پەیامی ڕوون‌و ئاشکرای لەخۆ دەگرت بۆ دەستەلأتدارانی بەریتانیا دەیانگوت پێویستە لەسەریان شێخ مەحمود بگێڕنەوەو ئۆتۆنۆمییش ببەخشن بە کوردستانی باشوور گەر دەیانهەوێ پشتگیری کوردان بکەن‌و سیقەیان بگێڕنەوە، دووەم، باوەڕیارانی شێخ مەحمود پێشنیاریان کرد چالاکییە سەربازییەکانیان چڕتر بکەنەوە، کوردەکانی هەمەوەند دەست پێشخەرییان کردو کاپتن اس بۆند یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بوو لە چەمچەماڵ‌و کاپتن ئاڕ کی ماکانت هاتنە کوشتن (٥١)، دواتر هێرشەکانی مەحمود خانی دزلی لە ناوچەی هەڵەبجە تێرۆرکردنی کاپتن فیتزگیبۆن‌و کوشتن‌و دیارنەمانی بیست ئەفسەری دیکەی لێکەوتەوە (٥٢). ئەم گۆڕانکاریانە بووە هۆی بەقەوەت بوونی پێگەی سیاسی

---

(٥٠) لە کۆمیسێری بالأوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢٢/٧/٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٥١) لە کۆمیسێری بالأی عێراقەوە بۆ وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢٢/٦/٢٢، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٥٢) لە کۆمیسێری بالأوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢١/١/١٤، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨٠/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

نەتەوەییەکانی کورد کە لە نێوەرۆکدا نەتەوەیی بوونیان دژ بە کەمالییەکان بوو، سەرباری ئەو بارگرژیە زۆرانەی لە کوردستانی باشوور هاتنە گۆڕێ لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، کەچی بەریتانیەکان مەحروم بوون لە سوود وەرگرتن لە نەتەوەییەکانی کورد وەك هۆکارێك لە هۆکارەکانی کۆتایی هێنان بە هەڕەشەو گوڕەشە بەردەوامەکانی کەمالییەکان، نەتەوەییەکان سەرکەوتنیان وەدەسهێنا، بەسەرکردایەتی موستەفا پاشای کوردی، لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان، کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان، وە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە نێوی هاواری کوردستان، ئامانجیان هۆشیارکردنەوەی کوردان بوو لە پێناو سەربەخۆبوونی کوردستانی باشوور، لە هەمان کاتدا، چاودێری هەوڵە بەردەوامەکانیان دەکرد بۆ قەناعەت هێنان بە بەریتانیەکان بەوەی پشتگیری هەنگاوە سیاسییەکانیان بکات بەو پێیەی تاقە ڕێگەی نمونەییە بۆ کۆتایی هێنان بە هەڕموونی سیاسی کەمالییەکانو، هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی تاکو لە ئاکامدا نەبێتە هۆی دروستبوونی بزوتنەوەیەکی گشتی یاخیبووان دژ بە بەریتانییەکان لە کوردستانی باشوور (٥٣).

لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٢٢دا وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان هەستی بە قورسیو گرانی پشتگوێ خستنی داواکارییەکانی کورد کرد بۆ گێڕانەوەی شێخ مەحمود، سەرباری نائاشتەوایی لەگەڵ تورکیای کەمالیداو شکستی کۆکس بە قەناعەت هێنان بە کوردانی باشوور تاکو بچنە نێو عێراقەوە، لە نێو ئەو بارودۆخە دژوارەدا، شێخ مەحمود وەدیارکەوتەوە بەوپێیەی تاقە کەسایەتییەك بوو بتوانێ زاڵبێ بە سەر کوردانی باشووورداو لە ژێر سایەی ئاڵای عێراقدا کۆیان بکاتەوە

(٥٣) حیلمی، یاداشتەکانی، هەمان سەرچاوە، لا ١٣٣-٣٣٢، ٣٥١-٣٥٢، ٥٠٦.

**بۆ بەگژداچوونەوەی کەمالییەکانو گێڕانەوەی ڕەوشێکی ئارام، بەهەمان شێوەی کارەکانی پێشووی لە پاییزی ١٩١٨و بەهاری ١٩١٩، چەرچڵ بەپەلە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا هەوڵیدا بۆ دڵنیاکردنی ئەو پەرلەمانتارانەی بەریتانیا کە وابەستەبوونی سەربازییان ڕەتدەکردەوە، گوتی حکومەتی بەریتانیا بە شێوەیەکی جیددی هیچ نیازێکی نییە بچێتە نێو ئەو وڵاتەوە، لەهەمان کاتیشدا دووپاتی کردەوە نەك بەتەنیٰ لەسەر هەڵوێستەکەی لەبارەی ملکەچنەکردنی کوردستانی باشوور بۆ دەستەڵاتی فەیسەڵ، بەڵکو لەسەر پتر سوور بوونی لەمەڕ لێکۆڵینەوە لە خواستەکانی کوردو گەشەپێدانی هەر ئەڵتەرناتیڤێکی نێوخۆیی وەك ئۆتۆنۆمی کە شایانی وان بێت (٥٤)، لە سەرەتادا، کێرزۆن پشتگیری خۆی دەربڕی بۆ بیرۆکەی برەودان بە بیروباوەڕی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشوور تاکو ببێتە بەربەستێك لە ڕووی پیلانگێڕی کەمالییەکان (٥٥)، وەدانپێدانانی نۆئێڵ گرنگ بوو دووپاتیکردەوە کە ئەزموونی پێشووی ئۆتۆنۆمی بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمود سەرکەوتوو بوو لە هێنانە کایەی سەقامگیری سیاسی بەبیٰ پێشکەش کردنی هیچ وابەستە بوونێکی سەربازیو دارایی (٥٦)، هەروەها مێجەر سۆنو ئەفسەرانی دیکەی پێشوو ڕایانگەیاند کە کوردانی باشوور هەرگیز پێیان باش نییە ملکەچی دەستەڵاتی عەرەبی بن، وە جیاکردنەوەیان لە**

---

**(٥٤) سیاسەتی بەریتانیا لە عێراق، ١٩٢٢/٧/١١، ئەنجومەنی نوێنەران، لە ڕۆبەرت ڕۆدس جیمسو وینستۆن چەرچڵەوە، تەوای گوتارەکە.**

**(٥٥) لە تشەکبۆرگەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، ژمارە ٥٥٨٤٩، ١٩٢٢/٩/١١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٥٦) ئی دەبلیو ئێڵ نۆئیل، تێبینییەك لەبارەی کۆنووسی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ژمارە٤٩٥٨، ١٩٢٢/٧/٢٢، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

عەرەب ئەگەرێکی مەنتیقییە، لە کۆتاییدا وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان دست پێشخەری کرد لە پشتگوێ خستنی بەرهەڵستی کردنی کۆکس، پاش ماوەیەك شێخ مەحمود گەڕایەوە سلێمانی، دووەم حکومەتی کوردیی دامەزراند، بەم شێوەیەو لە نێوەڕاستی ساڵی ١٩٢٢دا بەریتانییەکان دەترسان کە بارودۆخەکە بارگرژی پتر بەخۆوە بدینێو تای تەرازووەکە بەلای بەرژەوەندییەکانی چەرچڵدا قورس ببێ.

گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی مانای ئەوە نەبوو کە لەندەن لەگەڵ جیاکردنەوەدا بێت، پاشەڕۆژی کوردستانی باشووریش پێوەست بوو بەوەی کە ئایا جێبەجێکردنی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕێگەی دامەزراندنی حکومەتی کوردییەوە چارەسەرێکی بالاّ دەبێ لە پێناو شکست هێنان بە هەڕەشەو گوڕەشەکانی کەمالییەکانو، لەبەر پارێزگاری کردن لە سەقامگیری لە نێوچەکوردییەکانو ڕێگەخۆشکردن بۆ پاشەکشەی ئیمپریالیەت، لەسەر ئاستی پڕاتیکیشدا بارودۆخی کورد وەك دواتر بۆمان دەردەکەوێ بە پلەی یەکەم بەند بوو بە هەڵوێستەکانی کۆکسو دەستەودایەرەکەی لەهەمبەر حکومەتی کوردیی، بە ڕای یۆنگ، کۆکس لەگەڵ نەخشەکەی قاهیرەدا بوو وە پێشیوابوو لە کۆتاییدا باشترین ڕێگایە (٥٧)، وەلێکان بە پێچەوانەوە بەڵگەکان وایان نیشان نەدەدا، لە عانی گەڕانەوەی شێخ مەحمود، کۆکس هەوڵیدا قەناعەت بهێنێ بە وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان بە وازهێنان لە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی کوردیی لە کوردستانی باشوور، هۆشداریدا لە ئاکامە خراوەکانی ئەم جۆرە سیاسەتە:

---

(٥٧) هیوبێرت یۆنگ، کۆنووسی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ١٩٢٣/٦/٢٠، وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان ٤٠/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

**بە بەراوەژووی ئەو عێراقیانەی خاوەن ئامانجی نیشتیمانی و دەستووری بوون بە گشتی، بەپلەی یەکەم شێخ مەحمود بەخۆیو لە ڕوانگەی کەسایەتیو بنەو بنەچەیەوە دەجوولایەوە، هەر دەربارەی ئەمە، شوێنکەوتووانی بەکرێگیراو بوونو بەرتیلی پێدەدان، سەربارى ئەوەی ئامۆژگاری جیهادیی دەکردنو داوای یەکگرتوویی ئیسلامی دەکرد، بڕوام وایە شێخ مەحمود پتر ئازادی بەخۆ ڕەوا دەبینی پێش ئەوەی دڵنیا بێ لە ئایندەی کوردستان، بۆیە هەڵسوکەوتێکی حەکیمانە نەبوو، لە ڕاستیدا سیاسەتی مە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورددایە، زێدەتر لە سیاسەتەکانی شێخ مەحمود، سیاسەتی مە، سەربارى ئۆلیگارکییەتی، گەشە دەکاو بەرەو دیمۆکراسیەت هەنگاو دەنێ، ئێمە دەست لەکار کردن هەڵناگرین هەتا سەرکەوتن وەدەست دێنین لە پێناو بڕیاردان لەسەر دەستوورێکی دیاریکراو، بەلام شێخ مەحمود لە هەمبەر سیاسەتی زۆرداریی چاوی دەنوقاندو خۆی مایەی مەترسی بوو بەو پێیەی بەگزادەیەکی فیودالْ بوو، تەنانەت ئازادکردنی لە هیندستان لەو ساتەوە کاریگەرییەکی ڕووخێنەری هەبوو لەسەر ئارامی و سەقامگیری (٥٨).**

**وێڵسن دوا بە دوای ئاگاداربوونی لە هەڵوێستی کۆکس لەهەمبەر بارودۆخی کوردستان، ڕوونیکردەوە کە چۆن بە دەستی ئەنقەست قنەقنەی کردووە لە وەلام دانەوەی چەرچلْ بۆ ماوەی دوو دانە مانگان ، لەو وەختەی چەرچلْ داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی کردبوو بۆ کوردستانی باشوور (٥٩).**

---

**(٥٨) لە کۆمیسێری بالای عێراقەوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢١/٨/٢٦، وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان ٤/٧٣٠، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

(٥٩) Olson, Robert, The Emergency of Kurdish of Nationalism and the Sheikh Said Rebellion

**بەم شێوەیە کۆکس ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە مەحاڵە هەڵبژاردنێکی کوردیی بەئەنجام بگەیەنرێ چونکە سەرپاکی کوردان هەرگیز دان بەوەدا نانێن کە دەستەلاٌتداریان هەبێت، سەرەڕای بوونی هەستێکی بەقەوەتی کوردیی دژ بە لکاندیان بە عێراقەوە، وێڕای خواستێکی گشتی بە بوونی دەستەلاٌتدارێکی نیشتیمانی، نێوخۆیی، سەرباری هەموو ئەمانەش بەدووری نەزانی کوردستانی باشوور نوقمی پشێوی و ناسەقامگیری ببێت، ئەگەر بێتو بەریتانیا پارێزگاری لە وان نەکات (٦٠)، هەرگیز ئەو کوردانەی کە داوای گەڕانەوەی مەحمودیان دەکرد ، بەپێی وەسفی ئەو، بەراوەژووی خواستەکانی گەلی کورد بوون، گەلی کورد، یان سەدلەسەد دژی شێخ مەحمودن یان بە پێچەوانەوە باکیان نییە (٦١)، بە واتایەکی دیکە، کۆکس سوور بوو لەسەر ڕاکەی، سەرەڕای ڕەتکردنەوەی دەستەلاٌتی عەرەبی لە لایەن کوردانەوە لە ئاکامی ڕاپرسییەکەی ساڵی ١٩٢١، بڕوای وابوو کە تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی عێراقدا تاکە ڕێگەی چارەسەرە، چونکە پێشەوایەکی شایستەو لایقی نییە، کۆکس هەوڵەکانی چڕکردەوە بۆ شکست هێنان بە هەوڵەکانی مەحمود بە پێکهێنانی ئیدارەیەکی بەهێزو سەرکەوتوو لە سلێمانی و فراوانکردنی دەستەلاٌتەکەی تاوەکو نێوچە کوردییەکانی دیکەش بگرێتەوە، بەوهیوایەی قەناعەت بهێنێ بە وەزارەتی کۆلۆنیالییەکان تاوەکو وازیهێنن لە هەڵوێستەکەیان، بەو پێیەی**

---

**(٦٠) لە کۆمیسێری باڵای عێراقەوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢٢/٧/٢، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٦١) لە کۆمیسێری باڵای عێراقەوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢٢/٧/٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**کۆکس کۆمیسیێری باڵا بوو لە حاڵێکدا بوو دەیتوانی بڕیاری سەربەخۆ بدات (ad hoc)، ئیدی مانەوەی فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ دیاریکردنو شکست هێنان یاخود سەرکەوتنی هەر ئەزموونێکی نوێ لەسەر ئاستی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی، بە واتایەکی دیکە، ئەو ئەزموونە نوێیە ئەوانە وەئەنجامیان دەگەیاند کە دژی بوونو، ئەو ڕێگەیەی کۆکس گوزارشتی لێدەکرد دژ بە گەڕانەوەی مەحمودو نۆئێلْ، وە لەگەڵ نەخشەدارشتن بۆ تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی عێراقدا، وێلسن پێیوابوو ئەمە سەرەتای هەژموونی نەخشەو سیاسەتەکانی فەرمانبەرە مەیدانییەکانە بەسەر نەخشەو سیاسەتەکانی پایتەختی دوورە دەست (٦٢).**

**یەکێکی دی لە ئامادەکارییەکانی کۆکس دروستکردنی لەمپەرێك بوو لەبەردەم دامەزراندنی دووەم حکومەتی کوردی ئەویش بە پێشکەش کردنی پرۆژەکەی سەعید تەها (کوڕی شێخ عوبێدوڵلا کە ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینە گەورەکەی کوردی کرد لە ساڵی ١٨٨٠)، هەوڵجار پێش گەڕانەوەی مەحمود، نەخشەکەی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بوو لە سلێمانیو ڕەواندوز لە ژێر سایەی دەستەلاتدارێکی کورددا (٦٣)، ئەو دوو ناوچەیە شانۆی جووڵانەوە بەردەوامەکان بوون دژ بە بەریتانییەکانو دایم سەرچاوەی بێزاری بوون بە نیسبەت دەستەلاتدارانی بەریتانییەوە لە میسۆپۆتامیا لە دوای حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩١٩، وە لە ڕێگەی سەعید تەهاوە بە پێشکەش کردنی ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی نموونەیی، کۆکس هەرگیز هەوڵی بنبڕکردنی هەڕەشەو گوڕەشە بەردەوامەکانی کەمالییەکان نەدەدا، بە ئەندازەی ئەوەی هەوڵیدەدا بە ڕێگرتن لە مەحمود تاکو ببێتەوە بە دەستەلاتدار، ئەمەش بووە هۆی پچڕاندنی هاوکارییەکانی لە سەعید تەها وەك دەستەلاتداری هەرێمێکی تازەی کوردی، لە**

**وەختێکدا مەحمود دەگەڕایەوە بۆ کوردستانی باشوور، ئیدی وای لە کۆکس کرد نەخشەکەی بگۆڕیّو تایبەتی بکا بە ڕەواندوزو دەوروبەری، کۆکس داوای لە لەندەن کرد هاوکاری سەعید تەها بکەن، هاوکارییەکانیش لە ٦ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ١٩٢٢ گەیشتن برێتی بوو لە پارەو دارایی، تڕوتفاقو خۆبەخشانی کورد بۆ کوژاندنەوەی پشێوییەکان کە کەمالییەکان ئەفراندبوویان، ئەمەش دەبووە هۆی بەقەوەت بوونی پێگەی سەعید تەهاو گەلەك تایبەتمەندیی دەبەخشییە کۆکس لەوانە دانانی سنوورێك بوو بۆ ناڕەحەتییەکانی بەریتانیا لە ڕەواندوز، هەمیسان پێگەی کۆکسی پتر بەقەوەت دەکرد تاکو بتوانیّ بەرگری بکا لە هەر تەنازولێکی سیاسی چاوەڕوانکراو لە لایەن نەتەوەییەکانی کوردەوە بە سەرۆکایەتی مەحمود، ئەمە یەکەم، دووەم سەعید تەها دەیتوانی سەرپشکی دەستەلاّتی مەحمود بکات بەو پێیەی کەسایەتییەکی نەتەوەیی ڕکابەر بوو تاکو ڕیزەکانی نەتەوەییەکانی کوردو کوردانی باشوور پەرت بکات، سی جی ئەدمۆنز کە ئەفسەرێکی سیاسی بوو لە کوردستانی باشوور پەردەی نەخشەیەکی سەعید تەهای هەڵماڵی کە بە پلەی یەکەم بۆ تارومارکردنی پێگەی مەحمود بوو (٦٤)، خودی کۆکسیش دانی بەوەدا نا کە یەکیّ لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەرگرتنە لە هەوڵەکانی مەحمود (٦٥)، بەو پێیەی کەسایەتییەکە ناتوانریّ دەستی**

---

(٦٤) سی ئای ئەدمۆنز، سەرنجێك لەبارەی بارودۆخی کوردستان، ١٩٢٣/١/١٤، لە تشەکبۆرگ، لە وەزارەتی کۆلۆنیالییەکانەوە بۆ ئۆزبۆرن، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ١٩٢٣/١/٢٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٩٠٠٤/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٦٥) لە کۆمیسێری بالاّی عێراقەوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، کانونی یەکەم/ دیسێمبەری ١٩٢٢، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

**لێهەڵبگیرێ، بەهەمان شێوەش مەحمود هۆشیار بوو لە هەمبەر پاڵنەرە بەرپێوارەکانی دەستەلأتدارانی بەریتانیا لە پشت نەخشەکەی سەعید تەهاوە، وە تووشی وەستانو سەرسوڕمان بوو لە هەمبەر ئەو دژبەیەکییەی لەنێو سیاسەتی بەریتانیادا هەبوو بە گێڕانەوەی کوردستانی باشوورو دامەزراندنی دووەم حکومەتی کوردی، بە ئامانجی بنبڕکردنی هەڕەشەو گوڕەشەکانی کەمالییەکانو وە گێڕانەوەی ئاشتیو ڕژێم لە لایەکەوە، وە بەکارهێنانی سەعید تەها بە هەڵوەشاندنەوە هەژموونی لە لای کوردانی باشوور لە لایەکی دیکەوە، کەواتە ئاساییە مەحمود تووشی وەستانو سەرسوڕمان ببێو بەتەواوی بێهومێد ببێ، چونکە ئەو لە ماوەی حوکمڕانی یەکەمیدا ئەزموونێکی لە پێشینەی نێگەتیڤی هەبوو لەگەڵ عەقید وێلسندا.**

**دامەزراندنی دووەم حکومەتی کوردیی پرۆسەیەکی پلە بە پلە بوو، پێش گەڕانەوەی مەحمود دەستەلأتدارانی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا لەحاڵەتی لە کیس چووندا بوون لە هەمبەر خراو بوونە بەردەوامەکانی ڕەوشی کوردستان، ئیدی فەرمانبەرە بەریتانییەکانی والیکرد شاری سلێمانی، ڕەواندوزو نێوچە کوردییەکانی دیکە چۆڵ بکەن، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دەستەلأت، نەتەوەییەکانی کورد لە شاری سلێمانی پێشنیاریان کرد بەڕێوەبردنی نێوخۆ ڕادەستی خۆیان بخرێ، لەوەختێکدا کۆکسو فەرمانبەرەکانی بە وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکانیان ڕا گەیاندبوو کە ئامادەکارییان هەیە بۆ ئەم پێشهاتە، حیلمی ڕایگەیاند کە کوردان بۆ خۆیان پێشنیاری پرۆسەی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردییان کردووە (٦٦). سەرەڕای ئەوەی فەرمانبەرانی بەریتانیا بە**

(٦٦) **حیلمی، یاداشتەکان، هەمان سەرچاوە پێشوو، لا:** ١٣٣-٣٣٢و ٣٥١-٣٥٢.

**بەپەلە سلێمانییان بە جێهێشت، وە هەژمونی نەتەوەییەکان لە سەر ئەنجومەنەکەو بڕیاری مەحمود بە گۆڕینی بۆ حکومەتێکی کوردی، چیرۆکی دووەم فرە وردترە، کوردان شێخ قادریان هەڵبژارد، بەو پێیەی نوێنەری شێخ مەحمود بوو، تاکو ببێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، بە پەلە هەستا بە دامەزراندنی بەڕێوبەرانی پۆلیس، خەزێنە، گومرك..، نەتەوەییەکانی کورد ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ بنبڕکردنی بالآدەستی کەمالییەکان لە ڕێگەی دەستگیرکردنی سێ لە پیاوماقوولآنی سەر بە تورکیا لە پێناو پاراستنی پێوەندی پتەو لەگەڵ کۆمیسیۆنی بالآی بەریتانیا لە بەغدا (٦٧) بەپشت بە ستن بە ڕاپۆرتەکانی بەریتانیا، ئەنجومەنە کوردییەکە سەرکەوتوو بوو لە کارە سەرەکییەکانی لە بەرقەرارکردنی سەقامگیری لە نێوچە کوردییەکانی نێو سنووری دەستەلآتی و دەوروبەری، وەك نێوچەکانی پشدەرو خۆشناوەتی (٦٨). سەرپاکی ئەم پێشهاتانە بووە هۆی کەمکردنەوەی بالآدەستی کەمالییەکان کە بەردەوام کاریان لەسەر پشێوی و ناسەقامگیری دەکرد، ڕاپۆرتی هەواڵگری دەربارەی عێراق پتر ڕۆشنایی دەخستە سەر گۆڕانکارییە پۆزەتیڤەکانی بارودۆخی کوردستان:**

**ڕاگەیاندنی ئازادبوون لە وابەستەبوونەی ژێر سایەی شێخ و ئاغاکانی کورداندا پتر ڕایدەکێشان، ئیدی وای لە کەمالییەکان دەکرد پتر کێبڕکێ بکەن،**

---

**(٦٧) لە کۆمیسێری بالآی عێراقەوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیالییەکان، ١٩٢٢/٩/٩، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨١/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٦٨) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراقی، ژمارە، ١٩٢٢/٩/١٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵەنامەکان.**

چونکە وان هەرگیز لە توانایاندا نەبوو بە هێز پشتگیری لەو بانگەشەیە بکەن... لە شاری کەرکوك، ڕووداوەکانی سلێمانی نەبووە هۆی دوژمنایەتی کردنی حکومەتی بەریتانیا لەنێو ڕیزەکانی هۆزە کوردییەکان، کە زۆربەی هەرە زۆریان پشتگیری شێخانیان دەکرد – واتە خانەوادەی شێخ مەحمود– دەبوو دڵخۆشبان بە گەڕانەوەی شێخ مەحمود (٦٩).

لە عانی گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە سەرەتاکانی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەردا، بەردەوام بوو لەسەر گۆڕانکارییەکان لە پێناو دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردیی لە سایەی دەستەڵاتی خۆیدا، هیچ نێوو نێوبانگێکی دیکەی قبوڵنەکرد بەو پێیەی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی بوو لە پێناو پاراستنی نێوی پێشووی بەو سیفەتەی دەستەڵاتداری کوردستان بوو (٧٠)، وە دامەزراندنی سوپایەکی کوردیی بە هاوکاری ئەفسەرانی کوردو بە پشت بەستن ئالأی نیشتیمانی، گشتیان ڕۆشناییان دەخستە سەر ئەو حەقیقەتەی کە خواستی هەوڵی شێخ مەحمود لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە ببێتە پێشەوایەکی نیشتیمانی نەوەك ڕێبەرێکی نێوخۆیی.

ئەو ئامادەکارییانە هیچ جۆرە بەرهەڵستییەکی لای بەریتانییەکان دروست نەکرد ئیدی هەستێکی بەقەوەتی لای نەتەوەییەکانی کورد ئەفراند بەوەی بەریتانیا لە کۆتاییدا پێشنیاری کردو ڕازیبوو بە بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور بە دەستەڵاتێکی کوردی، نۆئێڵ باسی لەوەکرد کە دەکرێ گەیشتنی مەحمود بۆ سلێمانی ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی بەرپا بکاو، پشتگیری

(٦٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٧٠) حیلمی، یاداشتەکان، هەمان سەرچاوە، لا: ٥٣٥.

**کوردانیش بگاتە ئاستێك سنووری سلێمانی ببڕیٚو هەولێریش بگرێتەوە، سەرپاکی پێشەوایانی هۆزە کوردییەکانی نێوچەی کفری لە سلێمانی ئامادەبوون، داوایانکرد بە دیاریکردنی مێژووی پێشوەختی هەڵبژاردنەکان ((تاکو بتوانن پشتگیری خۆیان بۆ شێخ مەحمود دووپات بکەنەوەو بیکەنە دەمڕاستیان)). بەم شێوەیە کوردانی زەنگنەو تاڵەبانیان پشتگیری خۆیان دەربڕی بۆ حکومەتی کوردیی بەسەرۆکایەتی مەحمود، لە ڕۆژانێکی کەمدا هۆزە کوردییەکانی دیکەی کەرکوكو هەولێر پێشنیاری هەمان بیروبۆچوونیان کرد، مەحمود بە ڕۆڵی خۆی هەستاو نوێنەرگەلێکی نارد بۆ کەرکوك، کفریو هەولێر بەمەبەستی کۆکردنەوەی کوردان لە بارەی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور.**

**دەستەلاّتدارانی بەریتانیا لە میسۆپۆتامیا خۆشحاڵ نەبوون بەو گۆڕانکارییە خێرایانە کە هاوکات بوو لەگەڵ گەڕانەوەی مەحمود بۆ کوردستانی باشوور دەستەلاّتداران ئەو پشتگیرییەی خەڵکی کفرییان بە شێوەیەك لە شێوەکانی ئاژاوەگێڕی شرۆڤە کرد (٧١)، وە نارەزایەتی هاوشێوە ڕووبەڕووی پشتگیری کوردان کرایەوە بۆ حکومەتی کوردیی لە هەولێر، ئەدمۆنز باسی لەوە کرد کە کوردانی کەرکوك پشتگیری خۆیان بۆ مەحمود دەربڕیوە، تۆقی لەوەی کوردانی دزەیی لە هەولێر داوای گەڕانەوە بکەن بۆ هەرێمە سەربەخۆ کوردییەکە (٧٢)، هەمیسان تۆقی لە پشتگیری کوردان لە بزووتنەوەی سەربەخۆخوازیی کە بە**

(٧١) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە: ١، ١٩٢٣/١/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٧٢) سی ئای ئەدمۆنز، هەمان سەرچاوە.

خێرایی پەلبهاویێ بۆ هەریەك لە ڕانیە، هەڵەبجە، خۆشناوەتیو نێوچەکانی دیکە، وە بە هاندانی زۆربەی هەرە زۆری پشتگیری کوردان کوردستانی سەربەخۆی باشوور دابمەزریێ، شێخ مەحمود داوای لەکۆکس کرد هەستیێ بە ڕاپرسییەك هاوشێوەی ئەو ڕاپرسییەی ئەنجامدرا لە میسۆپۆتامیا لە ساڵی ١٩٢١، ئیدی داواکارییەکەی مەحمود بەراوەژووی هەڵوێستی ئەسڵی وەزارەتی کۆڵۆنیالییەکان نەبوو، واتە پێویست بوو کوردانی باشوور بە ئازادیو خۆبەخۆ چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

* * *

سەرەڕای بوونی جەماوەرێکی گەورەی دەستەڵاتی سەربەخۆخوازی کوردیی لەنێو ڕیزەکانی کورداندا و، سەرکەوتنی لە گێڕانەوەی سەقامگیری لە گەلەك نێوچەی کوردیدا لە ماوەیەکی کاتی فرە کورتدا، دەرکەوت کە بڕیاری بەریتانیا بە لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە یەکنەدەکەوتەوە لەگەڵ خواستی بەریتانیا بۆ تێڕوانینی کوردستانێکی باشووری ئارام، سێ هۆکارانی سەرەکی بەرپێوار لە پشتی هەنگاوەکەی بەریتانیاوە بوو بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی عەرەبی بۆ نێوچە کوردییەکان کە دژی خواستەکانی دانیشتوانی بوو، یەکەم، لە سەرەتادا حکومەتەکەی شێخ مەحمود هەڵوێستگەلێکی ئەنتی دروستکرد لە لای کۆکس و هنری دۆبز، کۆمیسێری باڵای کاتی، هەردووکیان سوور بوون لە سەر دانانی سنوورێك بۆ سەربەخۆبوونی زاتی کوردان. دووەم، لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٢٢، لە عانی شکستی حکومەتەکە یەکگرتووەکەی لۆید جۆرج، ئیدی وینستۆن چەرچڵ وەك وەزیری کۆڵۆنیالییەکان نەمایەوەو، وەزیری تازەی کۆڵۆنیالییەکان، لیۆئامری، شارەزای بارودۆخی کوردستان نەبوو، بە بەراوەژووی وەزیری پێشوو، هیچ جۆرە نێزیکییەکی لەگەڵ بارودۆخی کوردستانی باشووردا نەبوو. سێیەم، کۆنگرەی لۆزان لە تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ١٩٢٢ دا ڕاگەیەنرا هیچ سوودێکی تێدا نەبوو بۆ مەسەلەی کوردانی باشوور چونکە حکومەتەکەی پۆنارلۆ ژنە کۆنسێرڤەتیڤێکی تازە بوو لە بەریتانیا سوور بوو لە سەر گەیشتن بە ڕێکەوتنێك لەگەڵ تورکیای کەمالیدا لە ڕێگەی پێشکەشکردنی گەلەك تەنازولەوە، پێوستبوو لەسەر بەریتانیا تورکیا دڵنیا بکاتەوە لەوەی کە کوردستانی باشوور نابێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر

**ئاسایش‌و ئارامی‌و یەکێتی هەرێمەکانی، ئەم بارودۆخە بووە هۆی وەدیارکەوتنی سیاسەتی تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی عێراقداو لە ڕەگو ڕیشە دەرهێنانی خواستە نەتەوەییەکانی کورد بەو پێیەی تاقە ئەگەرێك بوو بۆ دڵنیاکردنەوەی کەمالییەکان لە نیازپاکییەکانی بەریتانیا.**

**شێخ مەحمود سەرکەوتوو بوو لە وەئاگاهێنانەوەی کوردان‌و کۆکردنەوەیان بۆ شۆڕش لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور، کۆکس هیچ پێی خۆشنەبوو بگرە هەوڵەکانیشی چڕکردەوە بۆ بنبڕکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کۆکس فرە چالاك بوو لە هەردوو شەڕگەی لەندەن‌و کوردستانی باشووردا، سەرباری نەخشەکەی سەعید تەها، کۆکس‌و دەستەودایەرەکەی هاتنە گومان کردن لە جەماوەرێتی حکومەتە کوردییەکەی شێخ مەحمود لەنێو ڕیزەکانی کوردانی باشووردا، خواستی هۆزە کوردییەکان لە نەدانی باج‌و ڕق لێبوونەوەیان لە بوونی هەر حکومەتێکی فیعلیدا خۆی دەبینییەوە، ئەم دوو هۆکارە بە ڕای ڕاوێژکاری بەریتانی ئیقلیمی لە کەرکوك، تاقە هۆکارێکی بەرپێوار بوو لە پشت جەماوەرێتی مەحمود (٧٤)، لە ڕاپۆرتەکانیدا بۆ لەندەن ، کۆکس جەختیکردەوە لەسەر هاوکاریکردنی وان کوردان لەگەڵ مەحموددا کە دژایەتی بەریتانییەکانیان دەکردو پێوەندییە بەردەوامەکانی لەگەڵ کەمالییەکاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە ڕامکردنی بۆ ژێر دەستەلاتیان، هیچ بەڵگەیەکیش لە ئارادا نەبوو ئەوە بسەلمێنێ کە مەحمود پێوەندی هەبووە لەگەڵ کەمالییەکاندا پێش خراوبوونی پێوەندییەکانی**

---

**(٧٤) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێرق، ژمارە ٢٠، ١٥/١٠/١٩٢٢، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**نێوان حکومەتی کوردیو کۆمیسیۆنی بالاّی بەریتانیا لە بەغدا، پێوەندییەکانی مەحمود لەگەڵ کەمالییەکاندا، وەك ئەوەی حیلمی ڕوونی دەکاتەوە، لەو وەختەوە دەست پێدەکات کە کۆکس خواستەکانی کوردی ڕەتکردەوە کە داوایان کردبوو ڕاپرسی بەئەنجام بگەیەنرێ لە پێناو چارەنووسی ئایندەی کوردستان لەو شێوە ڕاپرسییەی کە لە میسۆپۆتامیادا بەئەنجام گەیەنرا، دواتر ڕوون بۆیەوە کە کۆکس سوورە لەسەر ملکەچکردنی کوردستانی باشوور بە تۆپزی بۆ دەستەلاّتی عەرەبی بێ گەڕانەوە بۆ خواستی دانیشتوانەکەی، تۆمارەکانی بەریتانیا ڕوونی دەکەنەوە کە کۆکس پەیمانیدا بوو بە شێخ مەحمود کە هاوکاری بکا بە چەكو تەقەمەنیو خواردەمەنی وە ڕەنگە بە هاوکاری ئاسمانیش شانبەشانی ۲۰۰ سەرباز، وەلێکان ئەم پەیمانە سەرینەگرت، کۆکس بڕیاریدا بە گەڕانەوەی ئەفسەرانی کورد کە هاوەڵی مەحمودیان کردبوو لە عانی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، تا ئەو ئەفسەرە کوردانە هاوکاری مەحمود بکەن لە دامەزراندنی سوپایەکی کوردیی، حیلمی دووپاتی دەکاتەوە کە مەحمود دەیویست ڕووبەڕووی کەمالییەکان بێتەوە، وەلێکان لە لە حاڵێکدا بوو ڕێگەی بەو کارە نەدەدا بەهۆی یارمەتینەدانی ماددی لە لایەن بەریتانییەکانەوە (۷٥).**

**بەڕای حیلمی زنجیرەیەك گۆڕانکاری بوونە هۆکاری خراوبوونی پێوەندییەکانی مەحمود لەگەڵ بەریتانییەکاندا، بەریتانییەکانیش بەریان لێگرت، یەکەم، لە بەخشینی هاوکاری سەربازیو دارایی بە مەحمود بۆ ڕاوەدوونانی کەمالییەکان لە کوردستانی باشووردا، دووەم، گێڕانەوەی کۆیسنجەق بۆ حکومەتی کوردیی ئەگەر مەحمود هەستا بە ڕاوەدوونانی کەمالییەکان لە ڕەواندوز (۷٦)، سێیەم،**

---

**(۷٥) حیلمی، یاداشتەکان، هەمان سەرچاوە، لا: ٥٦٥.**

**(۷٦) هەمان سەرچاوە، لا: ٥٨٢– ٥٨٣.**

**مەحمود زانی بەریتانییەکان نایانهەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەمالییەکاندا بکەونە شەڕەوە ئیدی زانی ئەمە ئامارژێیەکە بۆ وازهێنان لە کوردستانی باشوور، ئەگەر بێتوو کەمالییەکان زەختی زیاتر بکەن، لەبەرامبەردا، کەمالییەکان چالاکییە سەربازیو بانگەشەکانیان چڕتر کردەوە کە پتر نەخشەی پێوە دیار بوو وەك لە بەریتانییەکان لە دەسگرتن بە کوردستانی باشوورەوە (٧٧)، بەگشتی لەبەر ئەم هۆکارانە، وە سەرەڕای ئامادەنەبوونی بەریتانییەکان لە پشتگیری کردنی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور، شێخ مەحمود پێشنیاری کرد کە پێوەندی بکەن بە کەمالییەکانەوە، لەو وەختەدا وانیش بە خێرایی سووکە پەیمانێکیان دا بە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەکی کوردی لە چوارچێوەی تورکیادا، وەلێکان کەمالییەکان بڕوایان بە شێخ مەحمود نەدەکرد بەو پێیەی نەتەوەیی بوو، کاتێکیش حکومەتی کوردی پێکهات یەکسەری کەمالییەکان لە مەحمود کەوتنە تەقەو هەڵمەتی پرۆپاگەندە دژ بە شێخ مەحمود (٧٨). کاتێکیش مەحمود پێوەندی کرد بە کەمالییەکانەوە، ئۆزدەمیر پاشا، لێپرسراوی سوپای تورکیای نانیزامی لە کوردستانی باشوور بڕوای پێنەکردو پشتگیریشی لە یاخیبوونەکەی نەکرد (٧٩).**

**ئەوەی تێدەگەین لە ڕاڤەکەی حیلمی بۆ گشت ئەم پێشهاتانە ئەوەیە کە شێخ مەحمود هەوڵیدەدا ئەگەرەکان بە کراوەیی بمێننەوە، ئەگەر هاتوو بەریتانییەکان ئامادەیی خۆیان نیشاندا بە دامەزراندنی کوردستانی**

---

(٧٧) **هەمان سەرچاوە، لا:٥٨٢-٥٨٣.**

(٧٨) **هەمان سەرچاوە، لا: ٥٢٢.**

(٧٩) **کۆنووسی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، ژمارە ٣٠٢٠، ١٩٢٣/٤/١١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٩٠٠٤/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

سەربەخۆی باشوور لە ژێر سایەیدا، لەبەر ئەوە هەوڵیدا ئەوە بسەلمێنێ کە پێوەستە بە تەرازوی هێز لە کوردستانی باشووردا، دەڵێن ڕایگەیاندووە : (( بە گوتانێ کە پێویست ناکا بیڵێین لەتوانایدایە هەر کاتێ بیەوێ تورکەکان لە هاوکێشەکە دەربهێنێ، بەڵام بەخواستی خۆی ئەو پێشنیارەی ئەنجام نەداوە)) (٨٠)، وەلێکان مەحمود شەڕکردنی لەگەڵ تورکاندا لە جیاتی بەریتانیان و عەرەبان بە بێمانا زانیوە، بە شکست هێنان بە مەترسی کەمالییەکان، بەبێ هیچ زەمانەتێکی دیاریکراوی بەریتانیا بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی باشوور، لە بری ئەوە مەحمود هەوڵیدا بێزارییەکانی بەریتانیا بقۆزێتەوە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی، فەرمانبەرانی بەریتانیاش بێئاگا نەبوون لە تەکتیکەکانیان، ئیمجا ئەدمۆنز هەستا بە ڕۆشنایی خستنە سەر چۆنێتی هەوڵەکانی مەحمود بۆ قۆستنەوەی بوونی کەمالییەکان لە ڕانیە تاکو بیکاتە ئامرازێ بۆ تەنازول پێکردنی بەریتانییەکان (٨١).

لەبەرامبەردا کۆکس هەوڵەکانی چڕکردەوە لە بەدەست خستنی پشتگیری کوردان بۆ دەستەڵاتی فەیسەڵ، بۆیە هەوڵیدا ڕێکخستنێکی پتەو وەئەنجام بگەیەنێ لە نێوان سیاسەتی لە کوردستانی باشوور لەگەڵ فەیسەڵ و حکومەتە عەرەبییەکەیدا، ئەو ئامانجگەلە سەرەکییانە لەوەدا خۆی دەبینییەوە کە سلێمانی لە ڕووی سیاسییەوە ببچڕێنێ لەگەڵ نێوچە کوردییەکانی دیکەدا لە ڕێگەی تۆمارکردنی بەشداربووە یەکەمینەکان لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی عەرەبی و خنکاندنی حکومەتی کوردی لە ڕووی ئابوورییەوەو وە لە ڕێگەی

(٨٠) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە: ١، ١٩٢٣/١/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٨١) سی ئای ئەدمۆنز، هەمان سەرچاوە.

**ئیجبار کردنی نێوچە کوردییەکان تاکو باج بدەن بە حکومەتی عەرەبی لە بەغدا(٨٢)، وە هەمیسان تۆمارکردنی نێویان بۆ هەڵبژاردنی پێشنیارکراو کە گەلەك نێوچەی کوردیی دەگرتەوە وەك کەرکوكو کفری کە لە دژی فەیسەڵ دەنگیان دابوو لە ڕاپرسییەکەی ١٩٢١دا، بە ڕاشکاوی خواستی خۆی بۆ چوونە نێو دەستەلاتی کوردی دەربڕی، ئامادەکارییەکانی کۆکس پتر بەلای عەرەبدا دایدەشکاند ئیدی ئەمە ببوە هۆی پتر بێزاریی شێخ مەحمود کە دەستیکرد بە ڕاگەیاندنی پێشنیارگەلێکی سیاسی سەربەخۆ بەبێ مشۆرەتکردن بە دەستەلاتدارانی بەریتانیا لە بەغدا، لەو حەلەی گوێبیستی وردەکارییەکانی هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی عەرەبی بوو لە کوردستانی باشوور، وە بەوەی ڕاپرسی کوردیی ئەنجام نادرێ، شێخ مەحمود لە ئاخروئۆخری تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەردا دەسپێشخەری کردو ڕایگەیاند کە مەلیکی کوردستانی باشوورە:**

**لەمڕۆوە، دەستەلاتم گرتۆتە دەستو بەرپرسیارم لە پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی کوردستان، هیواخوازم گشت لایەك کاربکەنو تێبکۆشن لە پێناو درێژەدان بەم ڕۆژە مەزنە وە لە پێناوی خۆشگوزەرانی ئەم نەتەوەیەو پێشخستنی، ئەی کوردینە! داواتان لێدەکەم، ئەمە هەلێکە بۆ ئێوە بەیەکگرتوویی تێبکۆشن وەك یەك خێزان لە پێناو چەسپاندنی مافەکانی نەتەوەی کورد کە بەدەسمان هێناوە ڕاگیری بکەینو بیپارێزین (٨٣).**

---

**(٨٢) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە: ٢١، ١٩٢٣/١/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٨٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو لە بانگی کوردستانەوە ڕۆژنامەی فەرمیی حکومەتی کوردی.**

ڕەنگە شێخ مەحمود بەم هەنگاوەی ویستبێتی پتر زەخت لە بەریتانییەکان بکات تاکو بەدەنگ خواستەکانی کوردەوە بێنو هەستن دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی باشوور، لە تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ١٩٢٢ شێخ مەحمود وەفدێکی کوردیی نارده بەغدا تاوەکو داوا لە کۆکس بکەن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ بەشداربووە لاوەکییەکان لە پێناو پێکهێنانی ((ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی تاکو هەستیّ بە یەکلاکردنەوەی مەسەلەی ئایندەی دەوڵەتی کوردیی و دیاریکردنی جۆرێکی دەستەلاّت کە بگونجیّ لەگەڵ کورداندا)) (٨٤)، هەمیسان وەفدەکە داوایانکرد بەریتانییەکان بە فەڕمی دانبنێن بە حکومەتی کوردیی و سەربەخۆیی کوردستانی باشوور (٨٥). کۆکس ئەنجامدانی هەر هەڵبژاردنێکی لە نێوچە کوردییەکاندا ڕەتکردەوە (٨٦)، وەك ئەڵتەرناتیڤێك لە هەمبەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد داوای لە کوردان کرد داواخوازییەکانیان کەم بکەنەوە، پەیمانیدا کە لەندەنو حکومەتی عێراق ڕادەسپێریّ بە (( زەرورەتی داننان بە مافی کوردان لە چوارچێوەی عێراقدا بە شێوەیەکی فەڕمی حکومەتێکی نیشتیمانی دابمەزرێنن)) (٨٧). کۆکس بیری کەوتەوە کە زۆربەی کوردان لە ڕاپرسییەکەی ١٩٢١ دا دەستەلاّتی فەیسەڵ و عەرەبیان ڕەتکردەوە،

(٨٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٨٥) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە: ٢٢، ١٩٢٢/١١/١٥، وەزارەتی دەرەوەوی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٨٦) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە: ٢١، ١٩٢٢/١١/١، وەزارەتی دەرەوەوی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٨٧) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە: ٢٢، ١٩٢٢/١١/١٥، وەزارەتی دەرەوەوی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

زانی کە ئەنجامدانی هەر ڕاپرسیو هەڵبژاردنێکی دیکە بەپێی بەهێزترین ئیحتومالەکان دەبێتە هۆی پشتگیری کوردان لە شێخ مەحمودو حکومەتەکەی، بەم شێوەیە دەستوپێوەندەکەی کۆکس لە کوردستانی باشوور هۆشیاریدا لە هەر جۆرە ئاشکراکردنێکی ڕای گشتی لە نێوچە دیاریکراوەکانی وەك کفری لەهەمبەر هەڵوێستی فەیسەڵ (٨٨).

سەرباری ئەو دژیەکبوونەی لە نێوان خواستە سیاسییەکانی کوردو نەخشەکانی کۆکسدا هەبوو لە پێناو لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە، پێکدادانی نەتەوەییەکانی کوردو دەستەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەغدا حەتمی بوو، لە دژی ڕەتکردنەوەی داواکەیان لە لایەن کۆکسەوە بە درێژکردنەوەی دەستەڵاتی کوردیی بۆ ڕانیەو کۆیسنجەق، کە لە ڕووی ئیدارییەوە بەشێك بوون لە سلێمانی (٨٩)، شێخ مەحمود هەستا بە دوورخستنەوەی سەرپاکی ئەو فەرمانبەرە کوردانەی کە تۆمەتبار بوون بەوەی هەواداری بەریتانییەکانن (٩٠)، لە تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، حکومەتی کوردیی داوای لە بەریتانییەکان کرد کە ڕێبگرێ لە فەرمانبەرانی حکومەتی عەرەبی باج وەرنەگرن لە نێوچەی کوردییەکان تا ئەو حەلەی سنووری نێوان هەردوو وڵات چارەسەر دەکرێ، لە هەمان کاتیشدا، باج سێنانی کورد هەستان بە لێستاندنی باج لە نێوچە کوردییەکان سەرەڕای دژایەتی کۆکس (٩١)، حکومەتی کوردییش سوور بوو لە

---

(٨٨) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە: ٢٣، ١٩٢٢/١٢/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.

(٨٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٩٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٩١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**سەر ڕووبەڕوو بوونەوەی هەوڵەکانی عەرەب بۆ سەپاندنی باج، بە تایبەت توتنی کوردیی کە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بوو.**

**لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ دا لە عانی هەڵوەشانەوەی حکومەتی یەکگرتووی لۆید جۆرج گەیشتنە ڕێکەوتنێك، چەرچڵیش پۆستەکەی وەك وەزیری کۆڵۆنیالییەکان لەدەستدا، کێرزۆن وەزیری دەوڵەت بوو بۆ کاروباری دەرەوە لە حکومەتە کۆنسێرڤەتیڤە تازەکەدا، ئەڵتەرناتیڤی بیرۆبۆچوونەکانی کۆکس بوو بۆ لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە، پێیوابوو هۆکارێکی نمونەییە لە پێناوی مانەوەی دەستەڵاتی بەریتانیادا لە کێڵگە نەوتییە چاوەڕوانکراوەکانی کوردستانی باشووردا، لە پەیماننامەی لۆزاندا، کێرزۆن هەمان بیروبۆچوونە سیاسی، ئابووری و ستراتیژییەکانی کۆکسی دووبارە دەکردەوە بۆ تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی عێراقدا، کەمالییەکانیشی لەمەڕ هەر چەشنە ڕاپرسییەك وەئاگاهێنایەوە چونکە کوردان (( بیٚ شك لە ساڵحی کوردستانی سەربەخۆ دەنگدەدەن)) (٩٢)، سەرباری هەموو ئەمانەش، وەزیری تازەی کۆڵۆنیالییەکان، لیۆ ئامری، بە بەراوەژووی وەزیری پێشوو خاوەنی بیروبۆچوونی بەقەوەت نەبوو لە بارەی بارودۆخی کوردستانەوە، بەم شێوەیە ئەڵتەرناتیڤی لکاندنی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە هاتەوە گۆڕیٚ و ناوی چەرچڵیش چوو بە کۆرکۆرەی ئاشداو لە هاوکێشەکەدا نەما، حکومەتی بەریتانیاش هەوڵی چەسپاندنی نەخشەکەی کۆکسی دەدا بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی باشوور لەنێو چوارچێوەی عێراقدا.**

---

**(٩٢) وەڵامی کێرزۆن بۆ عیسمەت پاشا، تایبەت بە موسڵ، ژمارە ١، ١٩٢٣/١/٢٣، ٣٧١/ ٩٠٥٨، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

ڕووبەڕوو بوونەوەی دەستەڵاتدارانی بەریتانیا لە بەغداو نەتەوەییەکانی کورد لە وەختێکی فرە خراوو ناجۆردا بوو وە هاوکات بوو لەگەڵ دەسپێکردنی کۆنگرەی لۆزان، پێویستە لەسەرمان شتێك وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە یەکێك لە هۆکارەکانی خواستی کەمالییەکان لە کوردستانی باشووردا هەڵقولاوی جۆرە ترسێك بوو لەوەی بەریتانیا دەسپێشخەری بکات لە دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ، ئیدی ئەمەش مەترسییەکی جیددی بوو بۆ یەکێتی خاکی تورکیا، چونکە کوردانی باکوور کۆمەڵەی دووەم پێکدێنن لە ڕووی ڕەگەزو ژمارەی دانیشتوانەوە، ئێرنیست مین ئاماژێی بەوەدا کە کوردستانی باشوور گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە بە نیسبەت هەردوو دەوڵەتە تازەکەی تورکیای کەمالیو عێراقی عەرەبییەوە (٩٣)، لە ڕوانگەی مەترسی کەمالییەکانەوە، کێرزۆن پێیوابوو بە وەرگرتنی ئەڵتەرناتیڤەکەی کۆکس بە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە پەیامێکی ڕوونو ئاشکرایە بۆ کەمالییەکان کە بەریتانیا نایهەوێ هەڕەشە لە ئاسایشی تورکیا بکات لە ڕێگەی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی باشوور، سەرباری ئەمەش هاسانە بڵێین کوردستانی باشوور بەشێکە لەعێراق بە دیارخستنی مانداتی میسۆپۆتامیا وەك بەڵگەیەك بۆ ئەوەی بەریتانیا تەماشای ویلایەتەکانی بەغدا، بەسرەو موسڵ دەکاتەوە بەو پێیەی یەك کیانن لە ڕووی سیاسیو ئیدارییەوە، وە لەگەڵ دەسبەکاربوونی کۆنگرەی لۆزان

---

(٩٣) Ernest Main, Iraq from mandate to independence.

ئێرنست مین، عێراق لە منداتەوە بۆ سەربەخۆیی (لەندەن: جۆرج ئالنو ئونوین، ١٩٥٣)، لا: ١٣٣.

**پێویست بوو بەریتانیا پەلە بکات لە یەکلاکردنەوەی مەسەلەی چارەنووسی کوردستانی باشوور، دواتر بەریتانیاو فەیسەڵ بەشەریکی بەیانێکیان دەرکرد تێیدا هاتبوو کوردانی ناو عێراق واتە نێو (سنوور)ی عێراق ماف خۆیانە ئیدارەیەك یاخود دەستەلاتێکی نێوخۆیی دابمەزرێنن بە ئارەزووی خۆیان (٩٤).**

**لەو جیاوازییانەی کە مایەی گاڵتەجارییە کۆکس باسی لە نەخشەکەی کرد لەسەر چەسپاندنی نەتەوەیی کورد سەرەڕای ئەوەی بەس سلێمانی دەگرتەوە، خوازیار بوو کە ڕاگەیاندنی ئۆتۆنۆمی نێوخۆیی بێتە هۆی پەرتکردنی ڕیزەکانی نەتەوەییەکانی کورد بۆ دوو بەرە: (( کوردانی ڕۆشنگەر))و (( کوردانی نەزانو دەمارگیر)) بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود (٩٥)، کۆکس ئامادە نەبوو گفتوگۆ لەگەڵ شێخ مەحموددا بکات کە بە زوویی نەخشەکەی کۆکسی ڕەتکردەوە، وە لەبەر ڕووبە ڕوو بوونەوەی نەخشەکەی کۆکسو ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی کوردی، شێخ مەحمودو لایەنگرانی پێشنیاری یاخی بوونیان کرد بۆ جاری دووەم لە دەستەلاتدارانی بەریتانیا بەو هیوایەی بتوانن بە هێز ئامانجە سیاسییەکانیان بێننە دی ، ئیحتومالی دروستبوونی کوردستانی باشوور فرە دژوار بوو، وێڕای دەستەوسانی بەریتانیا و تورکیا لە دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان، ئەمەش هۆکارێکی بەرپێوار بوو لە پشتی لیۆ ئامرییەوەو دڕدۆنگ بوو لە یەکگرتنی کوردستانی باشوور لە**

---

**(٩٤) ڕاپۆرتی هەواڵگری عێراق، ژمارە: ١، ١٩٢٣/١/١، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٧٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٩٥) لە کۆمیسێری باڵای عێراقەوە بۆ وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆڵۆنیالییەکان، ١٩٢٢/١١/١٦، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٧٧٨٢/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**هەڵبژاردنە نێزیکەکەی عێراقدا، بە پێی پێشنیارەکەی کۆمیسێری باڵا هنری دۆبز:**

**لەوانەیە حکومەتی عێراقی لە عانی دەنگدانی کورداندا دژ بە بەشداربوون لەو هەڵبژاردنەدا لە سەر ئاستی سنووری موسڵ پێشنیار کراو دووچاری هەندێك لاوازی بێتەوە ......، لە جەوهەردا، سەرەڕای جەختکردنەوەی پێشینم لە پەرلەماندا لە ڕۆژی تەموز/ یۆلیۆیساڵی ڕابردوو... کە پابەندین بە بەخشینی هەلێکی حەقیقی بە کوردانو هەڵوێست بۆ خۆیان بە جێدێڵین (٩٦)**

**دۆبز ڕێی وانی گرت، سوور بوو لەسەر نکوڵی کردن لە هەر ئیحتومالێکی مەترسیدار لە بەشداریکردنی کوردان لە هەڵبژاردنەکاندا، تاکو بگەنە ئەگەری لکاندن (٩٧)، هەمیسان سوور بوون لەسەر ڕەتکردنەوەی قسان لەگەڵ نەتەوەییەکانی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود، لە بارەی مەسەلە سیاسییە گەورەکانی سەرپشك کردنی کوردانی باشوور بە دیاریکردنی چارەنووسیان بە ئازادی (٩٨)، ئیدی بەشداری کردنی دانیشتوانانی کوردستانی باشوور لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەران لە بەهاری ١٩٢٣دا نیشانەیەك بوو بۆ تواندنەوەی کوردستانی باشوور لە بۆتەقەی عێراقدا.**

---

**(٩٦) لە وەزیری دەوڵەتەوە بۆ کۆمیسێری باڵای کاتیی، ١٩٢٣/٦/٧، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٩٠١٤/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٩٧) لە کۆمیسێری باڵای کاتییەوە بۆ وەزیری دەوڵەت، ١٩٢٣/٧/١٦، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٩٠١٤/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

**(٩٨) لە کۆمیسێری باڵای کاتییەوە بۆ وەزیری دەوڵەت، ١٩٢٣/٦/١٥، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ٩٠١٤/٣٧١، خانەی گشتی بەڵگەنامەکان.**

بەکارهێنانی بۆمبانی غازو هەڵمەتی ئاسمانی لە دژی ئامانجە مەدەنییەکان لە ماوەی ساڵانی١٩٢٢و ١٩٢٥ بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ هەنگاوی بەریتانییەکان لە پێناو بە پەلە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ کوردستانی باشوور، بەریتانیا پێویستی بەوە بوو ئەو سەرنجانە لەبیر بکات کە بارودۆخی کوردستان ئارامە یاخود کوردان ڕازین بە دەستەلاٌتی عەرەبی، لە کاتێکدا سەرگەرمی گفتوگۆ بوون لەگەڵ کەمالییەکاندا لە بارەی ویلایەتی موسڵەوە، بەکارهێنانی هێزو توندوتیژی تاقە ڕێگا بوو بۆ شکست هێنان بە یاخی بوونی کوردانو، بۆ ڕێگە خۆشکرن بۆ فەرزکردنی دەستەلاٌتی عەرەبی لە کوردستانی باشووردا، بەکارهێنانی چەکە ئاسمانییەکانی بەریتانیا بۆ کوژاندنەوەی بەرگری نەتەوەیی کورد فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی تای تەرازووکە پتر بەلای پرۆژەکەی کۆکسدا بکەوێ کە لە لکاندنو پاراستنی یەکێتی دەوڵەتی عێراقیدا خۆی دەبینییەوە لە دوای ساڵی ١٩٢٣، گەیشتن بە ئاشتی لەگەڵ تورکیادا، لە کۆنگرەی لۆزانیشدا هۆکارێکی گرنگ دەبوو لە هۆکارەکانی کاریگەری لە سەر بڕیاری بەریتانیا لە هەمبەر چارەنووسی کوردستانی باشوور، ئیدی ئیحتومالی سنووربەزاندنی تورکیا کەم بۆوەو پێویستی بەوە نەدەکرد کوردستانی باشوور بکرێتە خەتێکی جیاکەرەوەی ستراتیژی بۆ پاراستنی میسۆپۆتامیا، وە لەگەڵ نشوستی هێنانی هەر دوو بزوتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی باشوورو کوردستانی ڕۆژهەلاٌتدا، ئیتر بوونی حکومەتێکی کوردی لە کوردستانی باشووردا لەمپەرێك بوو بۆ مۆرکردنی پەیماننامەی تازەی ئاشتی لەگەڵ تورکیای کەمالیدا، چونکە تورکیا بە توندی دژایەتی هەرجۆرە ئۆتۆنۆمییەکی کوردیی دەکرد، گێڕانەوەی تای تەرازووەکە بە لای چارەسەرەکەی کۆکسدا پتر قورس بوو وەك لە تای تەرازووی دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆی باشوور

**لە نێوان كۆتایی ١٩٢٢و نێوەڕاستی ١٩٢٣دا ئەمەش دابەشدەبێ بەسەر چەند هۆكارێكدا ، یەكەم، كۆكس فاكتەرێكی گرنگ بوو لە گۆڕینی ڕووداوەكانی كوردستانی باشووردا، بەو پێیەی كۆكیسێری باڵا بوو كەناڵێك بوو شارەزاییەكی دوورو درێژی هەبوو لە كاروباری داگیركاریدا، دوای ئەوەی لە هەر یەك لە ئێران، هیندستانو كەنداوی فارسیو میسۆپۆتامیادا كاری كردبوو بۆ ماوەی ٢٥ ساڵان، كۆكس سوور بوو لەسەر ڕێ‌وشوێنەكانی ویڵسن لە ڕووی گووتارو خواستە سیاسی، دیمۆگرافی، ئابووریو ستراتیژییەكان بە تواندنەوەی كوردستانی باشوور لە بۆتەقەی عێراقدا بەمەرجی فرە لایەنیو فرە ڕەهەندی، كۆكس بە پێی پێگە بەهێزەكەی لە هەر كەسێكی دی لە ڕووی كاریگەری لە گۆڕانكارییە سیاسییەكانی كوردستانی باشووردا، هەرگیز لە ڕاپۆرتەكانیدا سازشی نەدەكرد لە بارەی بارودۆخی كوردستانو یاخود پەلە بكات بۆ جێبەجێ كردنی ڕاسپاردەكانی چەرچڵ، ئیدی زێدەڕۆیی كرد لە گەورەكردنی هێزی بیروباوەڕی نەتەوەیی عەرەب لە عێراقدا، لەگەڵ سووك كردنی كێشو گرنگی هەستە نەتەوەییەكانی كورد، بە پێی پێگەكەی وەك كۆمیسێری باڵاو بەرپرسیار لە جێبەجێ كردنی نەخشە تازەكەی بەریتانیا بە دەست تێوەردانی نا ڕاستەوخۆ، وێڕای هاوكاریكردنی دەستو پێوەندە مەدەنییەكانی كە لە ڕاو بیروبۆچووندا یەكیان گرتبوو سەبارەت بە پرسە سەربازییەكان، كۆكس لە پێگەیەكی بە قەوەتدا بوو لە هەر كەسێكی دیكە لە ڕووی كاریگەری لە گۆڕانكارییە بەدەست هاتووە سیاسییەكانی كوردستانی باشوور، كتو مت بەم شێوەیە ویڵسن هەستا بە لەباربردنی دامەزراندنی كوردستانی سەربەخۆی باشوور لە ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٠و ، كۆكسیش هەستا بە لەباربردنی دووەم حكومەتی كوردیو دامەزراندنی كوردستانی سەربەخۆی باشوور لە ساڵانی**

١٩٢١- ١٩٢٣، کاریگەری یەکلاکەرەوەی کۆکس لەسەر چارەنووسی سیاسی کوردستانی باشوور دیاردەیەکی نامۆ نەبوو، مێژووی ئیمبراتۆریەتی بەریتانیا پڕە لە چەندین نمونە کە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە فەرمانبەرانی مەیدانی بەریتانیا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە خوێندنەوەی دەروازەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیاو ئەفریقیا لە ڕێگەی وەلانانی نەخشەی فەرمی بەریتانیا و ئەجێندای تایبەتی خۆیان جێبەجیٚ دەکرد.

سەرچاوە:

- کردستان العراق... جذور تأريخية لمشروع الفيدرالية، سعد أسكندر، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٧.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:



- ئەدەبی فەلسەفیو ئەزموونە زیندووەکانی سەردەم، لێکۆڵینەوەو بابەتی ئەدەبی، (٢٠٠٨).
- کوردستانی عێراق... ڕەگو ڕیشەی مێژوویی پرۆژەی فیدرالیەت (وەرگێڕان).

## بەرهەمە چاپنەکراوو حازربەدەستەکانی:

- مەسەلەی نەتەوایەتی کورد (وەرگێڕان).
- کوشتو بڕی ئەرمەنییەکان (هەڵبژاردەیەکە لەچەند نووسراوەیەکی مێژویی دەربارەی کوشت و بڕی ئەرمەنییەکان لەساڵی ١٩١٥) (وەرگێڕان).
- ئایندەی ڕێکخراوە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان (نووسین و وەرگێڕان).
- دەربارەی بێباوەڕیی لە ئیسلامدا (لێکۆڵینەوە).
- (فن التقطیع الشعري بصورة مبسطة/ دراسة في علم العروض).
- میرو هەژار (چیرۆك/ وەرگێڕان).




**مەلیکی کوردستان  شێخ مەحمودی بەرزنجی**



**شێخ قادر (برای شێخ مەحمود)**



**سێر  پرسی کۆکس**



**وینستۆن چەرچڵ**